شانۆنامە

# مۆسیقای بێدەنگ

نووسینی: لاش نۆرێن
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دانا ڕەئوف

PDF4Kurd

٢٠٠٧

Dana_Noren.indd 1 2006-12-15 10:37:54

مۆسیقای بێدەنگ
نووسینی: لاش نۆرێن
پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسین و
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دانا ڕەئوف
چاپی یەکەم، ٢٠٠٧

هیچ گرووپ و کەسێک بەبێ ڕەزامەندیی وەرگێڕ بۆی نییە ئەم
شانۆنامەیە بخاتە سەر شانۆ.

Dana_Noren.indd 2 2006-12-15 10:37:55

## لاش نۆرێن و هەرەسهێنانی خێزان و بنەما کۆمەڵایەتییەکان

شانۆی سویدی داب و نەریتێکی دێرینی لە بواری شانۆ و پیەسی شانۆییدا هەیە. بۆ نموونە، ئاگوست ستریندبێری (١٨٤٩ـ١٩١٢) کاریگەرییەکی بەرفراوانی نەک تەنها بەسەر شانۆی سویدییەوە، بەڵکو بەسەر تێکڕای شانۆی جیهانییەوە هەیە و زۆربەی نووسەرە شانۆییە گەورەکانی دنیاش لەژێر ئەو کاریگەرییەدا نووسیویانە.
لاش نۆرێن کە لە ساڵی ١٩٤٤دا لە سوید لە دایک بووە، یەکێکە لە گرنگترین نووسەرە شانۆییەکانی ئەمڕۆ و دادەنرێت بە بەردەوامییەکی بەهێزی سترینبێری و هەروەک ئەویش سنوورەکانی وڵاتی سویدی بڕیوە و ناوبانگێکی نێونەتەوەیی و جیهانی بە دەست هێناوە.
هیچ نووسەرێک لە سوید هێندەی لاش نۆرێن، بە شێوەیەکی سەراپاگیر و لەسەر هەموو ئاستەکان ئاوێزان و تێکەڵاوی ویژدان و هەستی کۆمەڵگا و چینە جیاوازەکانی خەڵکی ئەم وڵاتە نەبووە. ئەم نووسەرە لە کۆهەستی جەماوەر و نائاگاییاندا ڕەنگی داوەتەوە و بوونێکی بەردەوامی هەیە؛ ڕۆژانە خەڵکی سەبارەت بە گرفتەکانی خێزان، پەیوەندی ژن و مێردایەتی، بە پێکەنینەوە دەڵێن ئەمە نۆرێنە، یان دەڵێی شانۆنامەکانی لاش نۆرێنە. لە هەمان کاتدا هەموو کەسێک لە سوید دەزانێ کە ناوی لاش نۆرێن وابەستەی ڕەشبینی، دڵەڕاوکێ، دوودڵی، کێشەی خێزان، گرفتی بوون، ئازارەکانی تاکەکەس و مەرگە.
ئەم نووسەرە بەرهەمی یەکجار زۆرە و ساڵانە پیەسەکانی لەسەر زۆربەی شانۆکانی هەموو شار و شارۆچکەکانی سەرانسەری



Dana_Noren.indd 3 2006-12-15 10:37:55

سویدیدا پێشکەش دەکرێن. ئەمە جگە لەوەی کە بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان و شانۆنامەکانی لەسەر شانۆ گرنگەکانی ئەڵمانیا، فەرەنسا، نەرویژ، دانمارک، هۆڵاند، ڕووسیا و زۆربەی وڵاتانی تری ئەوروپا نەمایش دەکرێن.

لاش نۆرێن هەرچەندە فرەبەرهەمە و هەمیشە شاکاری تازە و نوێ پێشکەش دەکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەردەوام گۆڕانکاری لە زمان و شێواز و ناوەڕۆکدا دەکات، بۆ نموونە بەردەوام بە دوای فۆرمێکی نوێ و جیاوازی چەمکەکانی زماندا دەگەڕێت، شێواز و فۆرمی هەمەجۆرە دەخوڵقێنێ. زمان ئامرازێکی گرنگی کەرەسەکانی ئەم نووسەرەیە و وەستایەکی بەتوانای داهێنانی وشە و دیالۆگێکی قووڵیی ساکاری شانۆییە. دارشتنی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکانی، یەکێکە لە پێکهاتە گەوهەرییەکانی شێوازە دراماتیکییەکەی.

نائومێدی، دڵەڕاوکە، خەمۆکی، سەرلێشێوان، بەختیاری و نەخۆشیی دەروونی پێکهاتەیەکی گرنگی بەشێکی زۆری کەسایەتییەکانیەتی، دیالۆگەکانی پاشبەندی بارە دەروونییەکان، یادەوەری و گەڕانەوەیەکی بەسۆزە بۆ منداڵیی، بۆ هەرزەکاری و بۆ یادەوەرییەکان. کەسایەتییەکان هەروەک ئەوە وایە کە لە ژوورە داخراوەکاندا گیریان خواردبێت و توانای هەناسەهەڵمژین و چوونەدەرەوەیان نەبێت.

ئەوەی زیاتر ڕێگا لەم کارەکتەرانەش دەگریت، گرێگەلی دەروونی و هەستگەلی بەهێزی هەڵچوونیانە، دەروونی شێواو و یادەوەری تاڵیانە، هەندێ جار ئەم ڕووبەڕووبوونەوانەش، وەک بورکانێکی خەفەکراو، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و توندوتیژ دەتەقێتەوە. ئەم کارەکتەرانە بە هەموو شێوەیەک لە



Dana_Noren.indd 4 2006-12-15 10:37:56

هەوڵی ئەوەدان بچنە دنیایەکی ترەوە، لە ڕابوردوویان ڕا بکەن، بەڵام هەرگیز بەو ئاواتە ناگەن و هەروەک کارەکتەرەکانی تراژیدیای گریکی ناتوانن لە چارەنووسی خۆیان هەڵبێن. ئەوەی کە زیاتر ڕێگاشیان لێدەگرێ، جگە لە بارودۆخی ئاڵۆزی دەروونیان، یادەوەرییەکانی ڕۆژانی منداڵی، هەستەوەری، نیگەرانی، هەستکردن بە گوناهـ پاشگەزبوونەوە، نائومێدی و کارەسات و هەڵە گەورە بەردەوامەکانی دایک و باوکن.
لاش نۆرێن دەیەوێ بینەران خۆیان لە کەسایەتییەکانیدا بناسنەوە، خۆیان لە کارەکتەرەکانیدا بدۆزنەوە و ڕووبەڕووی حەقیقەتی ژیانی خۆیان ببنەوە.

## شیعر و سەرەتایەکی شەرمن

بەر لە چل و پێنج ساڵ (لاش نۆرێن)ێکی شانزە ساڵی شەرمن، لە وێستگەی شەمەندەفەری ستۆکهۆڵم دادەبەزێ. ئەم گەنجە لە باکووری سوێدەوە دێ و بڕیاری داوە ببێتە نووسەر؛ لە ستۆکهۆڵم کەس ناناسێ و نازانێ بەرەو لای کێ و بۆ کوێ بڕوا. بەڵام تەنها دوای سێ ساڵ ئەو گەنجە کە تەمەنی دەگاتە نۆزدە ساڵ، یەکەم دیوانەشیعری خۆی بڵاو دەکاتەوە. لاش نۆرێن لەسەرەتادا وەک شاعیر دەستی پێکردووە و هەر لەم ساڵانەشدا یەکەم دیوانی خۆی (لەیلاک، بەفر) بڵاو دەکاتەوە. شیعرەکانیشی نەفەسێکی قووڵی لیریکییان لە خۆ گرتووە و دواتریش ئەو زمانە شیعرییە لیریکییەشی دەگوێزێتەوە بۆ دنیای شانۆ. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا کۆمەڵی دیوانە شیعری تر و ڕۆمانێک بڵاو دەکاتەوە، شیعر و پەخشان تێکەڵاو دەکات



Dana_Noren.indd 5 2006-12-15 10:37:56

و جیهانێکی ڕەش و مۆرکێکی تاریک، یادەوەری و پەرۆشی بۆ شتێکی نادیار، ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەو کاتەی پێک دەهێنن.
لاش نۆرێن لە بەرئەنجامدا شیعرەکانی زیاتر و زیاتر کورت و چڕ دەبنەوە، هێندە چڕ ئیدی وشەکان هێدی هێدی ون دەبن و تەنها ترووسکەی وێنەیەک، جیهانێکی تەڵخ و وشە کورتەکان دەمێننەوە.
لاش نۆرێن هەست بە پووکانەوەی وشەکانی، ونبوونی جیهانە شیعرییەکەی و دنیا تایبەتمەندەکەی خۆی دەکات، لەبەرئەوە هەر زوو ماڵئاوایی لە جیهانی شیعر دەکات و لەبری ئەوە ڕوو دەکاتە دنیای شانۆ و نووسینی پیەسی شانۆیی. لاش نۆرێن لەم بارەیەوە دەڵێت: «شیعر و دراما زۆر دوورن لە یەکترەوە، ئەمەش بۆ من مەسەلەیەکی گران و پارچەپارچە بوو. من بڕیاری خۆمم دا، کە شانۆشم هەڵبژارد لەبەرئەوە بوو کە شیعرەکانم کورت و کورت دەبوونەوە، تا وای لێهات بەتەواوەتی ون بوون. شیعرەکانم هێندە بچووک بوونەوە لە کۆتاییدا بوونە پارچەئێسقانی بچووک.»
بەڵام دوورکەوتنەوە و وازهێنانی لاش نۆرێن لە شیعر پووکانەوەی تواناکانی ئەم نووسەرە ناگەیەنێت، بەڵکو ئەو جیهانە چڕە، وشە زبرەکان و شیعرییەتی نووسینەکانی، سەرلەنوێ لە دنیای شانۆ و شانۆنامەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

## شانۆ و دەستپێکێکی تر

لاش نۆرێن دەزانێت بە تەنها بە وشەکانی، وێنە ئاڵۆزە شیعرییەکانی، جیهانە تاریک و پرسیارە بێ وەڵامەکانی، ناتوانێت



Dana_Noren.indd 6 2006-12-15 10:37:56

ڕووبەڕووی دەروونی خۆی ببێتەوە، ناتوانێت ببێتە دەربڕی ناوەوەی خۆی و دەوروبەرەکەی، بۆیە هەر لەو دووڕێیانەدا واز لە شیعر دەهێنێت و ڕوو دەکاتە شانۆ.
لاش نۆرێن لە شەستەکاندا کۆمەڵێ شانۆنامە دەنووسێت، لە شانۆنامەکانیدا شیعر و دراما لە یەکەیەکی ئۆرگانی و بنەماکانی شیکردنەوەی دەروونیدا تێکەڵاو دەکات. هەر لەسەرەتاوە دنیای ناوەوەی مرۆڤ دەبێتە ئامرازێکی باڵای ئەو شانۆ نوێیە و ئەو سەرەتا پتەوەی لاش نۆرێنی شانۆنامەنووس. ژان و پەژارە لەوانەیە سیمای سەرەکیی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە بن، لەو ڕوانگەیەوە ژیان لە پانتاییەکی ڕەشدا دەبێتە زیندەخەونێکی بێئارام. مەسەلەکانی سێکس و سێکسەنازی، وەک دوو جەمسەری دژبەیەک، بارێکی دڕندەئاسا لەلای پاڵەوانەکانی دەخوڵقێنن. هەروەها نۆستالگیا، یادەوەری، تێڕوانینێکی ڕەشبینانە بۆ ژیان، بێزاری، تەڵەزگەکانی خێزان، بەتایبەت پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی دایک و باوک، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژ و یاخیبوون لە باوکسالاری و بەندبوون بە دایکەوە، توخمە سەرەکییەکانی دەقەکانی ئەم نووسەرە پێکدەهێنن. لاش نۆرێن هەنگاو بە هەنگا دەرگا بە ڕووی شوێن، زەمەن و تەنانەت بوون و بوونەوەری نوێدا دەکاتەوە. زەمەن سنووری تەمەنی کارەکتەرەکانی دەبەزێنێت و لەم زەمەن و شوێنانەدا خود، کارەکتەرەکان، بەبێ بەربەست، ئەزموونی ژیانیان دەخەنە ڕوو. ئەوەی ئەو کەسایەتییانەش کۆ دەکاتەوە، ئەوەیە کە هەموویان لەو شوێنانەدا گیریان خواردووە، هەروەک کەسایەتییەکانی چێخەف، کە حەز و هیوای ئەوان نییە و ژیان بەتەواوەتی ڕێچکەیەکی تری گرتووە.
لاش نۆرێن بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٣دا بە شانۆنامەی



Dana_Noren.indd 7 2006-12-15 10:37:56

(ماستاوچی) دەرگای شانۆکانی بۆ دەکرێتەوە، دوای ئەوە یەک دوو شانۆنامەی تر دەنووسێت، بەڵام هیچ کام لەو شانۆنامانە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بە دەست ناهێنێت. ئەم نووسەرە زیاتر لەنێوان ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا بەهرەی نووسینی شانۆنامەکانی گەشە دەکات، دید و هزری هونەری پەرە دەستێنن و هەر لەو قۆناغەشدا کۆمەڵێ پیەسی گرنگ و سەرکەوتوو دەنووسیت.

لاش نۆرێن لە شانۆنامەی (ئازایەتیی پیاوکوشتن) ١٩٧٨ و (ئۆریستێس) ١٩٧٩دا دەتوانێت تراژیدیایەکی نوێ بخوڵقێنێت، تراژیدیایەک کە لە سترکتور و تراژیدیای گرێکییەوە سەرچاوەکانی وەردەگرێت. لەم دوو شانۆنامەیەدا، زۆر سەرکەوتووانە و بەسەلیقەوە دەگەڕێتەوە سەر (ئۆدیپی پاشا)ی سۆفۆکلیس و (ئۆرێستێس)ی ئەسخیلیۆس.

ئازایەتیی پیاوکوشتن (Modet att döda) باسی سەردانی باوکێک دەکات بۆ لای کوڕەکەی، ئەم باوک و کوڕە پەیوەندییەکی باشیان بەیەکترەوە نەبووە و هەرگیز تەڵەزگە و کێشەکانی نێوانیشیان یەکلا نەکردۆتەوە، سەردانەکەش دەبێتە هۆی تەنگپێهەڵچنین، سەرکوتکردن و بێزارییەکی بێ سنووری کوڕەکە (ئێریک) و لە بەرئەنجامدا ئێریک چەقۆ لە باوکی هەڵدەگرێت و دەستەویەخە ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە. لاش نۆرێن لەم دوو شانۆنامەیەدا (ئازایەتیی پیاوکوشتن و ئۆرێستێس) دوو زەمەنی جیاواز و دوو کارەساتی پیاوکوشن، یان بوێری و هەوڵی باوککوشتن بەرجەستە دەکات.

لە ئازایەتیی پیاوکوشتندا، زەمەنی ڕابوردوو و زەمەنی ئێستا، لە دەروازەی میتۆلۆژیای گرێکییەوە تێکەڵاو دەکات و تراژیدیایەکی مۆدێرن لە شانۆی هاوچەرخی سویدیدا دەخوڵقێنێت. لەم دوو



Dana_Noren.indd 8 2006-12-15 10:37:57

شانۆنامەیەدا گرێی دەربازبوون و بوێریی کوشتنی فەرزەند و باوان هۆکارێکی ڕاستەوخۆ و سمبولێکی باڵا و دەروازەیەکی بەبەهای سەرەتای دراما خێزانییەکانی لاش نۆرێنە. کلیلی هەموو کێشەکانی شانۆی لاش نۆرێن لە هەشتاکانی هەزارەی ڕابوردوودا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەبارەت بە ڕووخانی بنەماکانی خێزان و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکانی دایک و باوکە. ئەم کێشەیەش لە هەموو شانۆنامەکانی تری ئەو قۆناخەدا و لە فۆرم و ناوەڕۆکی جیاوازدا ڕەنگ دەداتەوە.

لاش نۆرێن لە ساڵی ١٩٨٢دا بە شانۆنامەی (شەو دایکی ڕۆژە) و لە ساڵی ١٩٨٣دا بە شانۆنامەی (پشێوی دراوسێی خوایە) دەبێتە نووسەرێکی گەورە و ناسراوی سویدی، هەردوو شانۆنامەکەش لە بیوگرافیا و ژیانی تایبەتی خۆیەوە سەرچاوەیان گرتووە. لاش نۆرێن لەم دوو شانۆنامەیەدا باسی هەرەسهێنان، پەرتەوازەبوون و ڕیشەکێشبوونی قەوارەی خێزانێک دەکات لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٦ بۆ ١٩٦١دا.

ڕووداوەکانی (شەو دایکی ڕۆژە) لە ساڵی ١٩٥٦ و لە میوانخانەیەکی کۆنی شارێکی بچووکدا ڕوو دەدەن، خێزانەکەش بریتییە لە دایک و باوک و هەردوو کوڕەکەیان. ئەم خێزانە بە شێوەیەکی سەیر پێکەوە بەستراونەتەوە و بە هیچ شێوەیەک هەست ناکەیت کە پێویستیان بە پەیوەندییەکانی دنیای دەرەوە بێت. خۆشەویستی، ڕق، بێزارییەکی کوشندە، کۆیان دەکاتەوە و باوکەکە بەدەمەستە و هەمیشە شەڕ و هەرا لەنێوانیاندایە.

بەڵام ڕووداوەکانی (پشێوی دراوسێی خوایە) باسی هەمان خێزان دەکات لە گۆشەنیگایەکی ترەوە: هێلین دایکی ئەم خێزانەیە و بەردەوام نەخۆشە و لە نەخۆشخانەکان کەوتووە، بۆ ماوەیەک پشوو وەردەگرێت و نەخۆشخانە جێ دەهێڵێت و



Dana_Noren.indd 9 2006-12-15 10:37:57

بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە. هەروەها لەگەڵ ئەو هەردوو کوڕەکەشی (فرانک و ڕیکی)ش دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. ڕیکی وەک هێلینی دایکی لە نەخۆشخانەی دەروونییەوە دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی هەوڵی خۆکوشتنی خۆی داوە. کۆبوونەوەی ئەم خێزانە، دایک و باوک و هەردوو کوڕەکەیان: پڕە لە ترس، دڵەڕاوکێ، نیگەرانی، خەم، قینێکی بەردەوامی هەڵچوو، خۆشەویستی و دوژمنکاری. دوای ئەوەی کە کوڕە بچووکەکەیان (ڕیکی) باسی هۆمۆسیکسیۆلیی خۆی دەکات، ئیدی پەیوەندی نێوانیان دەگاتە ئاستی تەقینەوەیەکی گەورە بە ڕووی یەکتردا.

ئەم شانۆنامانە بە پیسەکانی میوانخانەش ئاماژەیان بۆ دەکریت، کارەکتەرەکان لە میوانخانەیەکدا دەژین و هەر خۆشیان خاوەنی ئەو میوانخانەیەن و لاش نۆرێن ئەم پیەسانەی لەژێر کاریگەریی نووسەر و شانۆنامەنووسی ئەمریکایی (یۆژین ئۆنێل)دا نووسیوە، بۆ نموونە (پشێوی دراوسێی خوایە) ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای شانۆنامەی (سەفەری ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو)ی یۆژین ئۆنێلە.

ئەم سێ شانۆنامایەش: شەو دایکی ڕۆژە، پشێوی دراوسێی خوایە و ئازایەتیی پیاوکوشتن، پێکەوە سێینەیەکی درامایی پێکدەهێنن و لاش نۆرێن لە ڕوانگەی ڕێبازی سروشتی و دەروونییەوە نووسیونی.

لە هەمان کاتدا ئەم پیەسانە جۆرە هەڵوێستە و مامەڵەکردنێکی مۆدێرنە لەگەڵ گرێی ئۆدیپ و پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەنێوان منداڵ و پێگەی دایک و باوکدا دەخەنە ڕوو.

لاش نۆرێن لەنیوان ساڵانی ١٩٨٩ـ١٩٩٥دا (پیەسە مردووەکان) دەنووسێت، ئەم شانۆنامانەش بریتین لە چواردە پیەس و لە چوار بەرگدا بڵاو کراونەتەوە. لاش نۆرێن لەم پیەسانەدا، وەک



Dana_Noren.indd 10 2006-12-15 10:37:57

دەروونناسێکی شارەزا، زۆر بەوردی جیهانی بۆرژوازی و ناواخنە قوولە دەروونییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای نوێی سویدی شی کردۆتەوە.
نووسەر سەبارەت بە پیەسەکانی ئەم قۆناخەی خۆی دەڵێت: «من خۆم سەرسامم بە پیەسە بۆرژوازییەکانم، بەتایبەتی زمانی ئەو شانۆنامانە، ئەو شێوازەی کە بۆرژوازییەکان قسەی پێ دەکەن، لە خێزانە بۆرژوازییەکاندا کارەکتەرەکان، حاڵەتە کەپتکراوەکان و درۆکانیان زۆر ئاشکران.»

## قۆناخی نەوەدەکان و وەچەیەکی نیگەران

لاش نۆرێن لە سەرەتای نەوەدەکانی هەزارەی ڕابوردووەوە دابڕانێکی گەورە لە شێوازە دەروونی و ناتورالیزمییە خێزانییەکەیدا بە دی دەکرێت. لەم قۆناخەدا، فۆرم، زمان، پانتایی شانۆنامەکانی و خودی کارەکتەرەکانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و سەرانسەرییان بەسەردا دێت. (لاش نۆرێن لەم قۆناخەدا جاربەجار دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەکانی خێزان، بەڵام لە بۆچوون و دیدێکی فراوان و جیاوازترەوە.) بۆ نموونە لە شانۆنامەی (Personkrets 3.1) کە بەشی یەکەمی سێینەی (مەرگی چینایەتی)یە، لە گرفتەکانی خێزان و پەیوەندییەکانی باوک و دایک دوور دەکەوێتەوە. لەم شانۆنامەیەدا گۆڕانکارییەکی جیاواز لە ڕەوتی شانۆنامەکانی لاش نۆرێندا ڕوو دەدات، شانۆیەک دەروازەیەکی ڕوون بە ڕووی پرس و گرفتە چینایەتییەکاندا دەکاتەوە؛ بۆ نموونە لەم شانۆنامەیەدا لەنێو خودی ماڵە بۆرژوازییەکان دێتە دەرەوە و دنیایەکی تر دەخوڵقێنێت و دەرگایەکی تر بە ڕووی شانۆیەکی



Dana_Noren.indd 11 2006-12-15 10:37:57

ڕامیاری/چینایەتی و لە هەمان کاتدا دەروونیدا دەکاتەوە. شوێنی ڕووداوەکانی شانۆنامەی (Personkrets 3.1) وێستگەی شەمەندەفەری نێوەندی شار و ئەو سنوورانەیە کە لاوە بێ لانە، پەرپووت، بەدمەست، تلیاکخۆرەکانی تێیدا کۆ دەبنەوە.

لاش نۆرێن خۆی هەڵوێستەیەکی قووڵ لەتەک ئەو کەسایەتییانەدا دەکات و بە ڕۆڵەی خێزانە بۆرژوازییەکانی پیەسەکانی هەشتاکانی خۆی ناوزەدیان دەکات. ئەو کەسایەتییە گەنجە بێ لانە و بەدمەستانە کوڕی ئەو خێزانە هەڵوەشاوانەن، ئەو کەسایەتییانە هەمیشە لە پاڵ دیوار و لەبەر پەنجەرە و لەنێو ژوور و پەیوەندییەکانی ئەو خێزانە پڕ لە پشێوییانەدا هەبوون و هەر لەو ماڵانەشدا گەورە بوون.

ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٩٨ بەدواوە زیاتر دێتە سەر شەقام و کۆڵان و کون و قوژبنەکانی ستۆکهۆڵم و شارە گەورەکانی تری سوێد. لەم شانۆنامانەدا تلیاکخۆر، بەدمەست و خەڵکانی دەرەوەی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای سوێدی دەخاتە ڕوو، ئەو کەسانەی کە هیچ دەنگێکیان نییە و کوتوونەتە پەراوێز و نزمترین ئاستەکانی کۆمەڵگاوە.

بەشی دووەمی ئەم سێینەیە شانۆنامەی (ئەو کوڕانەی سێبەرن) ١٩٩٩، لاش نۆرێن لەم پیەسەدا، شێواز و فۆرمە شانۆییەکەی بەرەوپێشەوە دەبات و بەدوای شوێن و ڕێگاچارەیەکی تر و جیاوازدا دەگەڕێت. لەم شانۆنامەیەدا کۆمەڵی تاوانبار و نەخۆشی دەروونی پێکەوە لە بەندیخانەیەکدا کۆ دەکاتەوە. ئەو کوڕانەی سێبەرن حەوت کارەکتەر لە خۆ دەگرێت: حەوت کەس کە کۆمەڵی تاوانی گەورەیان کردووە و بۆ ماوەیەکی نادیار لە پشت دیوارە بەرزەکانی بەندیخانەکانەوە توند کراون. جیهانێکی نادیار، گرێی دەروونی، گرفتی کۆمەڵایەتی و مادی بەرجەستەی



Dana_Noren.indd 12 2006-12-15 10:37:57

ئەو کەسانە دەکات کە لە پەراوێزی کۆمەڵگایەکی بۆرژوازیدا بە شێوەیەکی درندە دەچەوسێنرێنەوە. شانۆنامەکەش مێژووی شانۆنامە خێزانییەکانی لاش نۆرێنە و کارەکتەرەکانیش بەرئەنجامێکی ئاشکرای ئەو کوڕانەن کە بە درێژایی زەمەنی گەورەبوونیان لەژێر پێگەکانی باوکسالاریدا سەرکوت کراون.

لاش نۆرێن لەم پیەسانەیدا زۆر بەوردی باسی مەسەلەکانی تاوان، سزا و کۆمەڵگا مەدەنییە مۆدێرنەکانیش دەکات. لە سەرەتای نەوەدەکانەوە لاش نۆرێن، وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، خێزان و گەڕەکە بۆرژوازییەکان بە جێ دەهێڵێت و زیاتر شانۆنامەکانی سیمایەکی چێخەفئاسا لە خۆ دەگرن و بیرەوەری و جیهانە شیعرییە شاراوەکان بەرجەستە دەکەن.

شانۆنامەی (Endagsvarelsers) لە ساڵی ١٩٩٠دا نووسیویەتی دادەنرێت بە سەرەتای ئەم قۆناغە و لە (پیەسە ڕەشەکان)یشدا کە لە ساڵی ١٩٩٥ نووسیونی، لە ڕابوردووی خێزانەوە ڕوو دەکاتە کۆمەڵگایەکی پەرتەوازە و بێلانە.

لاش نۆرێن خۆی سەبارەت بە ڕەوتی نووسینە شانۆییەکانی دەڵێت: «پرۆسەی نووسینم گۆڕانکارییەکی لەبەرچاوی بەسەردا هاتووە، نووسینەکانی ئێستام هیچ زەمەنێکی دیاریکراو لە خۆ ناگرێت. من لەو بڕوایەدام ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە تەمەنەوە هەبێت، من ئێستا شەست و یەک ساڵم. بۆ نموونە ئێستا خەریکی شانۆنامەیەکی تازەم سەبارەت بە ژن وپیاوێکی بەتەمەن کە خەریکی ماڵگواستنەوەن. لە هەمان کاتدا ژن و پیاوێکی گەنج دەگوێزنەوە هەمان خانووبەرە، شتەکانیان کۆ دەکەنەوە و پەردەکانی ژوورەکانیان دادەگرن، دوای کاتژمێرێک تێدەگەین کە هەردوو ژن و مێردەکە هەر یەکێکە، بەڵام ماوەی بیست ساڵ لە بەینی هەردوو گواستنەوەکەدا هەیە.»



Dana_Noren.indd 13 2006-12-15 10:37:58

## ئێگزیستێنتیالیزم و مەرگی مرۆڤ

لاش نۆرێن لە ساڵی ٢٠٠١دا شانۆنامەی (نۆڤێمبەر) دەنووسێت و هەر خۆشی لەسەر شانۆی نەرویژی لە ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نەرویژ پێشکەشی دەکات. لاش نۆرێن بە نووسینی ئەم پیەسە پێ دەنێتە قۆناخێکی تری جیاوازەوە، دەقی نۆڤێمبەریش بەشی یەکەمی سێینەیەکی تری ئەم نووسەرەیە و هەر سێ بەشەکەشی لە مەدارەکانی مردن و چەمکەکانی جیهانی ژیان/ مەرگدا دەسووڕێنەوە. فۆرمی زمان و بەکارهێنانی ڕستە و وشەکانی ئەم پیەسانە گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا هاتووە. پیەسەکانیش سترکتورێکی خەونەئامێز، ئەپسورد و جیهانێکی خودی ئێگزیستێنتیالیزمی لە خۆ دەگرن. لە هەمان کاتدا بێدەنگییەکی ترسناک لەنێوان دیالۆگ و کەسایەتییەکاندا مەودای ڕووداوەکان داگیر دەکات. شانۆنامەی (نۆڤێمبەر) باسی چوار مرۆڤ دەکات کە دوای مەرگیان و لەوەدنیا بە ئاگا دێنەوە، ئەم مرۆڤانە لە دنیایەکی ترن و دەزانن هەرگیز جارێکی تر ناتوانن بگەڕێنەوە تا ژیانی خۆیان بە ئاڕاستەیەکی تر بگۆڕن. کارەکتەرەکانی هۆشیارن بە مەرگی خۆیان، بەڵام نایانەویت بنوونەوە، یان بە مانایەکی تر بمرنەوە، تا هەموو گرفتەکانیان بەتەواوەتی چارەسەر نەکەن، ئەو گرفتانەی کە لە ژیاندا هەیانبووە و بەبێ چارەسەر ماونەتەوە.

شانۆنامەی (نۆڤێمبەر) لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ شانۆنامەی (پەرجوو) یەک دەگرێتەوە، پەرجوو بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٨دا لە شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکرێت. ئەم شانۆنامەیە زۆر نزیکە لە ئەتمۆسفێر، دنیا و شانۆنامەکانی (پێکێت)ەوە و ڕێگاچارە و خستنەڕوویەکی تری چەمکی



Dana_Noren.indd 14 2006-12-15 10:37:58

(چاوەڕوانی)یە. شانۆنامەکە باسی کۆمەڵێ مرۆڤ دەکات کە لە شوێنێکی نادیاردا گیریان خواردووە، شوێنێک لەنێوان ژیان و مەرگدا؛ چاوەڕوانیش تەنیا فریاگوزار و دالْدەی ئەم کارەکتەرانەیە. ئێمەی مرۆڤ چاوەڕوانی چین، مەرگ یاخود فریاگوزار، پێغەمبەرێکی تر یان موجیزەیەکی چاوەڕواننەکراو، ئەوەی پێویستە ئاماژەشی بۆ بکریت ئەوەیە کە ئێمەی مرۆڤ لە چاوەڕوانییەکی بەردەوامدایین تا ئەو ڕۆژەی دەمرین، مەرگیش بۆ خۆی چاوەڕوانییەکی ئەبەدیی مرۆڤە. هەموو شانۆنامەکە لە خەونێکی تۆقێنەر دەچێت.

لاش نۆرێن لە ساڵی ٢٠٠٢دا شانۆنامەی (ئاوی مەنگ) دەنووسێت. ئاوی مەنگ، وەک ئاوێنەیەکی شکاو، هەزارەها پارچە و هەزارەها وێنەی جیاواز جیاواز، لە هەمان کاتیشدا ڕوون و ئاشکرا لە خۆ دەگرێت. بەڵام دابڕانێکی ترسناک و درزێکی گەورە لەنێوان ئەو وێنانەدایە، ئەو ترسەش ترسی مەرگە! کارەکتەرەکانی شانۆنامەی ئاوی مەنگ مردوون و ڕووداوەکانیش لە دنیایەکی تردا ڕوو دەدەن. لاش نۆرێن خۆی دەڵێت: «(ئاوی مەنگ) باسی مەرگ دەکات لە خودی ژیاندا، ئەو جارانەی لە ژیاندا مرۆڤێک دەمریت، هەموو شتێک کۆتایی پێدێت؛ هەندێک جار ڕوو دەدات هاوڕێیەک، کەسوکارێکی نزیک دەمرێت؛ بەمەش هەموو هیواکان دەمرن. یان مەرگی عەشقێک، مردنی خۆشەویستیی نێوان دوو دڵدار، ئەو عەشقەی کە پێش ماوەیەک پڕ بوو لە حەز، خۆشەویستی، خۆشی و ژیان، لەپڕ دەمرێت.

کە مرۆڤ باسی مەرگ دەکات، لە هەمان کاتدا باسی ژیانیش دەکات، ناکرێت ژیان و مەرگ لەیەکتری جیا بکرێتەوە.

لاش نۆرێن دەیەوێت لەم شانۆنامەیەدا بە وشە، بە وێنە و بە خوڵقاندنی جیهانێکی شیعرئامێز بەرجەستەی گەردوونێک بکات



Dana_Noren.indd 15 2006-12-15 10:37:58

که ناکرێت بە هیچ شێوەیەک وێنا بکرێت و بخرێتە چوارچێوەی خەیاڵەوە. ئاوی مەنگ بۆ یەکەم جار لە ئەڵمانیا و هەر لە ڕیژی لاش نۆرێن خۆی پێشکەش دەکرێت، دوای ئەوە بە سویدی و لە ستۆکهۆڵم و لەسەر شانۆی (جوولەکە) لەلایەن لاش نۆرێنەوە پێشکەش دەکرێتەوە.

لاش نۆرێن دوای شانۆنامەی (ئاوی مەنگ) بە شانۆنامەی (مۆسیقای بێدەنگ) برەو بە چەمک و فەلسەفەی مەرگ دەدات. لەم ڕووەوە دەڵێت: «مەرگ ئێستە زۆر ڕوون و ئاشکراترە بەلای منەوە. من خۆم بەرەو دواقۆناخەکانی ژیانم دەڕۆم، هەر لەبەرئەوەشە بە شێوازێکی زۆر جیاوازتر بیر لە مەرگ دەکەمەوە.»

مۆسیقای بێدەنگ کۆتایی ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی لاش نۆرێن نییە، مەرگ و ژیان، ژیان و مەرگ لە بۆتەی پەیوەندییەکانمان، لەنێوان خێزان و خانە چڕ و ڕووناک و تاریکەکانی ژیانماندا زۆر بەخێرایی گوزەر دەکات.

شانۆنامەکانی (تەرمیناڵ)یش گوزارشتێکی بروسکەئاسای ئەو حاڵەتەیە، تەرمیناڵ دوا پیەس و ئەزموونی لاش نۆرێنە و تائێستا یانزە تەرمیناڵی نووسیون. تەرمیناڵیش بۆ لاش نۆرێن مانای گەشت، بەرئەنجام و کۆتایی ئەو گەشتانەش دەگەیەنێت، گەشتێکی بەردەوام و جووڵانەوەیەکی ئەبەدی و ناکۆتا. لەم گەشتانەدا پەیوەندییەکانی خێزان، تێپەڕبوونی کات و بیربڵاوی گوزارشت لە پیری و مەرگ دەکەن. کات و بیرەوەری و یادکردن سیمای کارەکتەرکان، پانتایی ژوورەکان و خودی ڕووداوەکان بەرجەستە دەکەن. لەم پیەسانەدا کۆتاییەکان سەرەتا و دەستپێکی نوێ و تری ڕووداوەکانە. لە تەرمیناڵدا کات، یادەوەری و ئێستا پێکدا دەچن و زۆر بەوریایی تێکەڵاو دەبن، ڕووداوەکان لە تەرمیناڵی سێدا لە



Dana_Noren.indd 16 2006-12-15 10:37:58

ژوورێکی چاوەڕوانیی نەخۆشخانەیەکدا دەست پێ دەکەن. دوو خێزان لەم ژوورەدا بە دیار چاوەڕوانییەکانی خۆیانەوە دانیشتوون، خێزانێکیان چاوەڕوانی مەرگە و خێزانەکەی تریشیان چاوەڕوانی ژیانە. ژنی خێزانە گەنجەکە دوو گیانە و لە نەخۆشخانەن و چاوەڕوانی منداڵبوون دەکەن، بەڵام خێزانەکەی تر کە بەتەمەنترن چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی لاشەی کوڕە مردووەکەیان دەکەن. ئەم دوو خێزانە لەگەڵ یەکتر قسە ناکەن، بەڵام پەیوەندییەکی سەیر، لێکنزیکبوونەوەیەکی جیاواز و ڕیتواڵێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.
بەڵام لە تەرمیناڵی حەوتدا دایکی خێزانێک تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە و منداڵەکانی لە دیدەنییەکی چاوەڕوانکراودا، سەردانی دایکە نەخۆشەکەیان دەکەن. دیالۆژ و یادەوەرییەکان تێکەڵاو دەبن، ڕابوردوو لە پرۆسەیەکی چڕدا دەبێتە ئێستا و کارەکتەرەکان لە دووتوێی گەمەیەکی ئازاراویدا ڕووبەڕووی یەکتر و خۆشیان دەبنەوە. ئەم دوو تەرمیناڵە بە شێوەیەکی زۆر ساکار، لە هەمان کاتدا گران و پڕ لە ژان، باسی ژیان، پەیوەندییەکانی منداڵ بە دایک و باوانەوە، پرۆسەی منداڵبوون، گەورەبوون و ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ دەکەن.

## بەرئەنجام و هەڵوێستەیەکی کۆتایی

لاش نۆرێن لە ماوەی چل ساڵدا زیاتر لە حەفتا شانۆنامەی نووسیوە، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیدا دەڵێت: «من لە هەمان کاتدا لە چوار شانۆنامەدا کار دەکەم. گرفتی گەورەشم ئەوەیە هەموو پیەسێک دیدی پیەسێکی تری لێ لە دایک



Dana_Noren.indd 17 2006-12-15 10:37:58

دەبێت.» زۆربەی شانۆنامەکانیشی لەسەر هەموو شانۆکانی سوید و وڵاتانی تری دنیا نەمایشکراوە. دوای ئەم مێژووە درێژ و پرۆسە چڕ و گرانە، دەتوانین بەم شێوەیە سەرەتا و پرۆسێسی بەرەوپێشەچوونی دراما و شانۆی ئەم نووسەرە ڕوون بکەینەوە.

لاش نۆرێن پیەس و شانۆنامەکانی لە شەستەکاندا چارەسەری ڕۆڵ و جەستەی دایک دەکەن، بەڵام لە حەفتاکاندا باوک لە چەقی ڕووداوەکاندایە، لە هەشتاکاندا باوک یان دایک بەتەنها ناوەندی دەقەکانی نییە، بەڵکو چەمکی خێزان بە شێوە گشتگرەکەی دەبێتە ناوەندێکی گرنگ. چەمکەکانی خێزان بە شێوەیەکی گشتی دەکەونە چەق و ناوەندی گرنگیپێدان و شانە گرنگەکانی شانۆنامەکانیەوە. لە نەوەدەکاندا بنەماکانی خێزان لە شانۆی لاش نۆرێندا بەتەواوەتی هەڵدەوەشێت و کۆمەڵگایەکی پڕ لە بەدمەستی، بێکاری، نەخۆشیی دەروونی و پچڕانی بنەما کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەورووپا لە خۆ دەگرێت.

لە ساڵەکانی دوو هەزاریشەوە لاش نۆرێن پێی ناوەتە قۆناغێکی زۆر جیاوازەوە، شانۆنامەکانی ئەم قۆناغەی مۆرکێکی فەلسەفی و ئێگزیستێنتیالیزم لە خۆ دەگرن. لەم قۆناغەدا مەرگ، وەک هاوکێشەیەکی گرنگی ژیان، لە ناوەندی ڕووداوەکاندایە.

## مۆسیقای بێدەنگ لەنێوان مەرگ و گەمەی کاتدا

(مۆسیقای بێدەنگ) شانۆنامەیەکی زۆر کورتە و بە بێدەنگی و زۆر بە خێرایی بەرجەستەی مەرگ، ژیان، ئازارەکانی مرۆڤ و تەنهاییمان بۆ دەکات. پرسە ئێگزیستێنتیالیزمەکان و چەمکەکانی



Dana_Noren.indd 18 2006-12-15 10:37:59

زەمەن لە بێدەنگیدا گوزارشت لە ئازارە قووڵەکانی تەنهایی، دابڕان و مەرگ لە ناوەڕاستی تەمەندا دەکات. لاش نۆرێن بەپێچەوانەی سەرەتاکانی ڕەوتی شانۆنامەکانییەوە کە وشە ڕۆڵێکی گەورەی دەگێڕا، ئێستا بێدەنگی لە (مۆسیقای بێدەنگ) و زۆربەی شانۆنامەکانی تری ئەم قۆناغەیەدا، توخمێکی گرنگی تەکنیکی پیەسەکانیەتی.

مۆسیقای بێدەنگ، لە سێ بەش پێکهاتووە و لەم سێ بەشەشدا خەم و یادەوەرییەکان، ژیان و مەرگ کۆ دەکاتەوە. تەنها لە مەرگ و خۆشەویستیدا، لە عەشقدا خۆمان دەبینین. سێ دیمەن، هەرسێکیان دوای مردن و بەخاکسپاردنی کەسانێکی خۆشەویست دەست پێدەکات، دووانیان مەرگی منداڵی کەسایەتییەکانە. سەرەتای دیمەنی یەکەم بە خەمی (ئولۆڤ و یوهانە) دەست پێدەکات. ئەم خێزانە کوڕە دەساڵییەکەیان (ئێریک) بە ڕووداوێکی دڵتەزێنی ئۆتۆمۆبیل کۆچی دوایی کردووە. دوای مەراسیمی بەخاکسپاردنەکە (یوناس)ی هاوڕێیان لەگەڵیان دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. ئولۆڤ و یوهانە زۆر باش دەزانن، هەر ئەوەندەی یوناسی هاوڕێیان ڕۆیشت، بێدەنگی و ترس هەموو گیانیان دەکرۆژێت. لەکاتێکدا کە مەرگ زۆر کوتوپڕ دەستەویەخەی مرۆڤ دەبێتەوە، هەستی تەنهایی و لە ژیان دابڕان و خەمێکی گەورە دەبێتە ڕاستییەکی ڕەها، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ژیان لە دەورانی خۆی هەر بەردەوام بێت. مۆسیقای بێدەنگیش باسی ئەو حاڵەتە دەکات کە چۆن مرۆڤ بتوانێت دوای کارەسات و کاتە دڵتەزێنەکان، دوای ماڵئاوایی هەتاهەتایی خۆشەویستان، بەردەوامی بدریت بە ژیان، باسی ئەو برینانە دەکات کە وا لە مرۆڤ دەکەن لە یەکتر دوور بکەنەوە، یان بەپێچەوانەوە لە یەکتر نزیک ببنەوە. زۆرجار مەرگ دیوار و سنوورێکی گەورەی بێدەنگ



Dana_Noren.indd 19 2006-12-15 10:37:59

لەنێوان مرۆڤدا دروست دەکات، مرۆڤ لەم ساتانەدا دووچاری هەست بە تەنهایی و نامۆبوونێکی ترسناک دەبێت. هەمیشە دوای مەرگی کەسێکی نزیک و خۆشەویست ئەم پرسیارانە خۆیان قوت دەکەنەوە، چۆن بتوانین ئەو کەسە خۆشەویستە لە یاد بکەین؟ چۆن بتوانین یادەوەرییەکانمان لە بیر بچێتەوە؟ چۆن بتوانین لە ژیاندا بەردەوام بین؟ چۆن بتوانرێت ڕێگای ژیانە ڕۆژانە ئاساییەکەی بەر لە کارەساتەکە بدۆزینەوە؟

ڕووداوەکانی شانۆنامەی (مۆسیقای بێدەنگ) لە ماوەی بیست ساڵدا ڕوو ئەدەن و بەرجەستەی ژیانی چوار مرۆڤ دەکەن کە لە نزیک مەرگەوەن. لەم شانۆنامەیەدا مەرگ لە چەقدایە و دەستی ناوەتە بینەقاقای هەموو کارەکتەرەکان، بەڵام بە هەمان شێوە باسی ژیانیش دەکات. بوونی مەرگ وا لە مرۆڤ دەکات کە بە شێوەیەکی تر بیر لە ژیان و مەرجەکانی ژیان بکاتەوە، بە ئامادەبوونی مەرگ ژیانیش ئاشکراتر، کۆنکرێتتر دەبینرێت، مردن زۆر نزیکە، لەوانەیە زۆر بەئاسانی ژیان لە دەست بدەین، چەندە لە مردن نزیک دەبینەوە، هێندەش لە ژیان نزیک دەبینەوە.

لە مۆسیقای بێدەنگدا بێدەنگی لەنێوان وشەکاندا بێ هەدادان دەردەکەوێت، سێبەری مەرگ و سێبەری خەم لە ڕوانگەی بێدەنگی و مۆسیقایەکی بێدەنگیشەوە دەدوێت و وەک بەسەرهاتێکی تایبەت بە خۆی سەبارەت بە ژیان و مەرگ مامەڵە لەگەڵ کەسایەتییەکان دەکات.

یوناس

فەرموو

ئۆلۆڤ

سوپاس



Dana_Noren.indd 20 2006-12-15 10:37:59

(وچان)
بەڵێ، وا دیسان لە ماڵەوەین.
یوهانە
ئا، بەڕاستی!
ئۆلۆڤ
شتێکی سەیرە.
یوهانە
چی شتێکی سەیرە؟
ئۆلۆڤ
پێت وا نییە شتێکی سەیر بێت؟
یوهانە
ئاخر چی؟
ئۆلۆڤ
لەماڵەوەبوون! شتێکی سەیرە کە دووبارە لە ماڵەوەین. هەروەک نە با بووبێت و نە بۆران.
یوهانە
مەبەست چییە؟ نە با بووبێت و نە بۆران.
ئۆلۆڤ
ئۆهوو. هەموو شتێک وەکو خۆیەتی... هەروەک هیچ ڕووی نەدابێت... تا بڵێی کشوماتە.
یوناس
پاڵتۆکەت لێ وەربگرم؟
یوهانە
ها؟
یوناس
ناتەویت پاڵتۆکەت داکەنی؟



Dana_Noren.indd 21 2006-12-15 10:37:59

یوهانه
با، بەڵێ... بێگومان دەمەویت. هەر ئێستە دایدەکەنم.
ئەم دیالۆگەی سەرەتای شانۆنامەکە و دوای بەخاکسپاردنی کوڕەکەیان، دووپاتی ئامادەبوونی مەرگ، بێدەنگی و خەمێکی گەورە دەکاتەوە. وشەکان لەنێوان قسەی ئاسایی ڕۆژانە، وڕێنە و کشوماتییەکی ترسناکدا کارەکتەرەکان ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە ڕەهایە دەکەنەوە کە ئەوان دەیانەویت خۆیانی لێ دوور بخەنەوە. یوناسیش وەک هاوڕێیەکی دێرین، بێدەسەڵات، لەنێوان بێدەنگی و ترسی مەرگدا ڕاوەستاوە تا دڵیان بداتەوە و دڵنەواییان بکات.
یوهانه
زۆر بەختیارم بەوەی کە تۆ... کە تەنها تۆ لەگەڵمان هاتیتەوە بۆ ماڵەوە. خۆش بوو کە تۆ بوویت...
یوناس
سوپاس.
ئۆلۆڤ
بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت شتەکە تەواو بوو. هەمووان ماڵئاواییان کرد.
یوهانه
دەبووایە پرسیارمان لە چەند کەسێکی دیکە بکردایە.
ئۆلۆڤ
وایە... ڕاست دەکەی.
کات چەمک و ئامرازێکی زۆر توندوتیژە، بێباکە، زۆر خێرا گوزەر دەکات و لە بەرئەنجامدا هەمووومان بەرەو نەبوون دەبات. کات لەم شانۆنامەیەدا دێتە پێشەوە، ئامێز دەکاتەوە و ئەوانەی لە ژیاندان و تەنانەت مردووەکانیش زۆر بێبەزەییانە



Dana_Noren.indd 22 2006-12-15 10:37:59

لەدوای خۆیەوە بە جێ دەهێڵێت. بۆ نموونە لەم کاتژمێرەدا کارەکتەری یوهانە فریای ئەوە دەکەوێت دوو منداڵی لە دەست بچێت و سێ جاریش شوو بکات. وەک لەوەوپێش ئاماژەمان بۆ کرد ڕووداوەکانی شانۆنامەکە لە ماوەی بیست ساڵدا روو دەدەن. هەر دوای دیمەنی یەکەم زەمەن زۆر بەخێرایی تێپەڕیوە و بیست ساڵ ڕووداوەکانمان لە دوای خۆمانەوە بەجێهێشتووە. یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی ئەم شانۆنامەیە ئەو فۆرم و سەلیقە بەتوانایەی لاش نۆرێنە لە بەکارهێنان و چڕکردنەوە و بەرجەستەکردنی چەمکی زەمەندا.

لە دوای دیمەنی یەکەمەوە، یان هەر لە خودی دیمەنی یەکەمەوە، هێدی هێدی وتووێژەکان لەنێوان قسەی ئاسایی ڕۆژانەدا تێکەڵاوی خەم و پەژارەیەکی زۆر قورس دەبێت. لەپڕ ئافرەتێک دێتە سەر سانۆ، بە هاتنەژوورەوەی ئەم ئافرەتەش شانۆنامەکە چەندین ساڵ دەچێتە پێشەوە و زەمەن تێپەڕیوە. ئۆلۆف لەگەڵ یوهانە لێک جیابوونەتەوە و لەبری ئەوە لەگەڵ کارین زەماوەندی کردووە. یوهانەش شووی بە یوناس کردووە و منداڵێکیشیان هەیە. کچەکەی یوهانە لە مێردی دووەمیشی مردووە. لێرەوە ململانێ و ڕکەبەرایەتیی ژنەکە و ژنە کۆنەکەی ئۆلۆف بەرجەستە دەبێت، لە هەمان کاتدا بێمانایی ژیانی ژنومێردایەتی نێوان یوناس و یوهانە دەردەکەوێت. ئۆلۆڤ بەرەو پیربوون دەچێت، کاتەکان تێکەڵاو دەکات و شتی بیر دەچێتەوە.

(ژوورەکە لەسەرخۆ ڕووناک دەبێتەوە. کارین لە ژوورەکەیە. لەوانەیە هەمیشە هەر لەوێ بووبێت ـ هەڵدەستێتە سەر پێ، دەچێتە لای کتێبخانەکەوە، هەندێ لەو کتێبانە چاک دەکاتەوە کە بە شێوەیەکی هەڵە دانراون.)

کارین



Dana_Noren.indd 23 2006-12-15 10:38:00

ئێوە زۆر خۆشگوزەرانن لەو خوارە.
یوناس
بڵێم چی... ڕاست دەکەیت.
کارین
شتێکی خۆشە پیاو ماڵێکی هەبێت و ڕووی لێ بکات... هەرچەند پیاو فریای ئەوە ناکەوێت هێندەی خۆی ئارەزوو دەکەی لەوێ بیت. لە پاییزی ڕابوردوودا فریای ئەوە نەکەوتین بڕۆین. بیرمان لەوە دەکردەوە کە هەموو سێوەکان بنێرین بۆ کارگەی بە شەربەت کردن، بەڵام بۆمان ڕێک نەکەوت... مرۆڤ چی لە دەست دێت!
یوناس
نازانم... ئێمە بڕیاری هیچ شتێکمان نەداوە... باسی ئەوەمان نەکردووە... هەر باسی هیچ شتێکمان نەکردووە... لەدوای ئەو مەسەلەیەوە کە ڕوویدا.
کارین
بێگومان ئێمە لە چلەی هاویندا دەڕۆین، وەک عادەت وایە... گەر فریا بکەوین... عادەتەن هەوڵ دەدەین لە دەوروبەری بیستی مانگدا بەرەوخوار ببینەوە... گەر ئێوە نا...
یوناس
ئەگەر ئێمە چی؟
کارین
ئا، گەر ئێوە... لەوانەیە پێویستتان پێمان بێت.
خێزانەکان جیا دەبنەوە، خێزانی تر دروست دەکەن، کارەسات جێگەی کارەساتی تر دەگرێتەوە، کات بەخێرایی ون دەبێت و هەر زوو هەست دەکەین کە بیست ساڵ تێپەڕیوە و خێزان و پەیوەندییەکانیش گۆڕاون. دوا دیمەنی شانۆنامەکەش لەنێوان



Dana_Noren.indd 24 2006-12-15 10:38:00

کارین و یوهانەدایە، هەردوو کارەکتەرەکەش لەم دوا دیمەنەدا پێنج ساڵ بەتەمەنترن. ئەم دوو کەسایەتییە و لەم دیمەنەدا باسی دوا چرکەکانی ژیان و مەرگی ئۆلۆڤ دەکەن. کارین و یوهانە لە یەکتری خۆش دەبن، بەرلەوەی یوهانە لەگەڵ دۆستێکی تازەیدا بڕوات بۆ فەڕەنسا. هەروەها یوهانەش ڕەزامەندیی خۆی دەردەبڕێت کە هەر سێ مردووەکە لە یەک گۆڕدا بە خاک بسپێردرێن. کارەکتەری کارین، وەک کەسی چوارەمی شانۆنامەکە، لە سەنتەری ڕووداوەکانی بەشی چوارەمدایە، کارین خێرا دێتە ڕووداوەکانەوە. کە کارینیش دەردەکەوێت، ڕووداوەکان چەندین ساڵ چوونەتە پێشەوە. یوهانە سەرلەنوێ شووی بە یوناس کردووە، ئۆلۆڤیش کارینی مارە کردووە. یوهانە تووشی کارەساتێکی گەورە بووە کە ئەویش ئەوەیە منداڵی دووەمیشی مردووە.

## مۆسیقای بێدەنگ لە شانۆی شار

مۆسیقای بێدەنگ لەسەر شانۆی شار و لە ساڵی ٢٠٠٢دا پێکەش کرا، نەمایشەکە بە پارچەمۆسیقایەکی مۆزارت، چوارینەی ژێداری ژمارە (٢٣) Stråkkvartett دەست پێ دەکات. ئەم چوارینە ژێدارەش دوا بەرهەمی مۆسیقای مۆزارتە و لە ساڵی ١٧٩٠دا نووسراوە، ئەم مۆسیقایە زۆر گونجاوە لەگەڵ خودی نەمایشەکەدا.
مۆزارت خۆی کە ئەم چوارینە ژێدارەی نووسیوە لە بارێکی دەروونی دژواردا ژیاوە، خەمگین، نەخۆش، هەژار و چوار لە منداڵەکانیشی مردوون؛ هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو مۆسیقایە



Dana_Noren.indd 25 2006-12-15 10:38:00

پڕە لە سێبەری ڕەش، سێبەر و تاریکی لە تۆنی مۆسیقاکەدا هاواری ژیان دەکات، لە هەمان کاتدا سێبەری مەرگ دەستی ژیان دەگرێت و یەکێک لە پارچە ڕازاوەکانی مۆسیقای جیهانیمان پێشکەش دەکات.
بەرلەوەی مۆسیقاکەش دەست پێ بکات، کوڕێکی بچووکی دە ساڵان، بە ڕۆبێکی بەیانییانەوە دەردەکەوێت، لە مۆسیقاژەنەکان دەڕوانێت و هەر زۆر خێراش ون دەبێت. کە مۆسیقاکەش تەواو دەبێت، مۆسیقاژەنەکان دەچنە دەرەوە و کورسییەکانیان لەدوای خۆیان بە جێ دەهێڵن.
نەمایشەکەش، وەک مۆسیقاکە مۆسیقایە، بەڵام مۆسیقایەکی بێدەنگ لەنێوان چوار ئەکتەردا، لەم مۆسیقایەشدا، هەروەک تۆن و ئاوازەکانی مۆسیقاکەی مۆزارت، تاریکی و مەرگ زۆر بە چڕی ئامادەیی خۆی هەیە.
دوای ئەوەی مۆسیقاکە زۆر بەهێمنی و خەمناکی تەواو دەبێت، دایک و باوکەکە (ئۆلۆڤ و یوهانە) دێنە ژوورەوە کە لە ناشتنی کوڕە دە ساڵەییەکەیان گەڕاونەتەوە. مۆسیقاکە دەبێتە گوزارشتێکی ئەو بەخاکسپاردنە، ئازار و خەمێکی قووڵی ئۆلۆڤ و یوهانە. مۆسیقاکە ئەتمۆسفیرێکی هێمن و خەمۆکی دەخوڵقێنێت و هەستەوەرییەکی پڕ لە ژان دەکاتە سەرەتای ئەو دیمەنە بەهێزە و مۆسیقا دەبێتە زمانێکی مرۆڤایەتی.

دانا ڕەئوف
ستۆکهۆڵم ٢٠٠٦



Dana_Noren.indd 26 2006-12-15 10:38:00



دیمەنێک لە شانۆنامەی مۆسیقای بێدەنگ
شانۆی شار لە ستۆکهۆڵم ٢٠٠٢

Dana_Noren.indd 28 2006-12-15 10:38:01

# مۆسیقای بێدەنگ

Dana_Noren.indd 29 2006-12-15 10:38:01

کەسایەتییەکان
ئۆلۆڤ
یوناس
یوهانە
کارین

Dana_Noren.indd 30 2006-12-15 10:38:01

ئۆلۆڤ

پاڵتۆکەتم دەدەیتێ؟

یوناس

فەرموو

ئۆلۆڤ

سوپاس.

(وچان)

بەڵێ، وا دیسان لە ماڵەوەین.

یوهانە

ئا، بەڕاستی!

ئۆلۆڤ

شتێکی سەیرە.

یوهانە

چی شتێکی سەیرە؟

ئۆلۆڤ

پێت وا نییە شتێکی سەیر بێت؟

یوهانە

ئاخر چی؟

ئۆلۆڤ

لەماڵەوەبوون! شتێکی سەیرە کە دووبارە لە ماڵەوەین. هەروەک نە با بووبێت و نە بۆران.

یوهانە

مەبەستت چییە، نە با بووبێت و نە بۆران؟

ئۆلۆڤ

نا. هەموو شتێک وەکو خۆیەتی... هەروەک هیچ ڕووی نەدابێت... تا بڵێی کشوماتە.



Dana_Noren.indd 31 2006-12-15 10:38:01

یوناس

پاڵتۆکەت لێ وەربگرم؟

یوهانە

چی؟

یوناس

ناتەویت پاڵتۆکەت داکەنی؟

یوهانە

با، بەڵێ... بێگومان دەمەوێت. هەر ئێستە دایدەکەنم.

ئۆلۆڤ

ئەرێ ئێستا چی بکەین؟

یوهانە

زۆر ماندوو بووم.

ئۆلۆڤ

بێگومان ماندووی... تێدەگەم. با یوناس پاڵتۆکەت لێ وەربگرێت و هەڵیواسێ.

یوهانە

ئەرێ (وچان) شتێک نەخۆین؟

ئۆلۆڤ

چۆن... بێگومان (وچان) نان هەر دەبێت بخۆین. ناچارین کە بخۆین. مرۆڤ ناچارە نان بخوات. ئەرێ چیمان هەیە؟

یوهانە

بەیانیی زوو. بەرلەوەی بڕۆین شتەکانم ئامادە کردبوو نەمدەزانی چەند کەس دەبین.

ئۆلۆڤ

نەماندەزانی دەتوانین چەند کەس کۆ بکەینەوە.

یوهانە



Dana_Noren.indd 32 2006-12-15 10:38:01

هەر ئەوەندەمان لێ پەیدا بوو. هەر ئەم سێیانە.

ئۆلۆڤ

شتێکی خۆش دەخۆین و پێکێک شەرابیش دەخۆینەوە. ئەوە کەمترین شتێکە کە دەتوانین بیکەین.

یوهانە

زۆر بەختیارم بەوەی کە تۆ... کە تەنها تۆ لەگەڵمان هاتیتەوە بۆ ماڵەوە. خۆش بوو کە تۆ بوویت...

یوناس

سوپاس.

ئۆلۆڤ

بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت شتەکە تەواو بوو. هەمووان ماڵئاواییان کرد.

یوهانە

دەبووایە پرسیارمان لە چەند کەسێکی تر بکردایە.

ئۆلۆڤ

وایە... ڕاست دەکەی.

یوهانە

بەرلەوەی بڕۆین خۆراکێکم ئامادە کردبوو. گۆشتی مەڕ و زەنجەفیل. ڕێسێپتەکەم لە ڕۆژنامەکەدا بینی. زۆر بەلەزەت دیار بوو، بۆیە لە ڕۆژنامەکەم کردەوە. گوتم با بۆ خۆمان جارێک بیخۆین.

یوناس

ئا، منیش بینیم. ویستم لە ڕۆژنامەکەی بکەمەوە. بە ئەگنێتام وت لە ڕۆژنامەکەی بکاتەوە و هەڵیگرێت. بەڵام پێم وایە هەر بەیانی ڕۆژنامەکەم فڕێ دابێت. پێم وایە بێی ئەوەی بیری لێ بکەمەوە ڕۆژنامەکەم فڕێ داوە.



Dana_Noren.indd 33 2006-12-15 10:38:01

نازانم بیرم لە چی دەکردەوە. نیازم وا بوو کە ڕێسێپتەکە لەم پشووی هەفتەیەدا تاقی بکەمەوە. نیو کیلۆ گۆشتی مەڕ بکڕم. جێی خۆیەتی تاقی بکرێتەوە. نازانم چۆن لە بیرم چووەوە.

یوهانە

وا ئێستا بیرت کەوتەوە.

یوناس

ها... چیم بیر کەوتەوە؟

یوهانە

ئێستا بیرت کەوتەوە. ڕێسێپتەکەت بیر کەوتەوە.

یوناس

ئەری، وایە. لە بیرم چووبووەوە کە فرێم داوە. بەڕاستی بەلەزەت دیار بوو. بەتایبەتی بۆ ئێستا کە پاییزە.

یوهانە

دروست، منیش هەر لەو باوەڕەدا بووم. هەر بۆیەشە لێم نا.

یوناس

گۆشتی مەڕەکەت لە کوێ کڕی؟

یوهانە

لە مەیدانەکە.

ئۆلۆڤ

لە مەیدانەکە بوویت؟ کەنگێ لەوێ بوویت؟

یوناس

ئەها. لەوێ.

ئۆلۆڤ

ئێمە ڕاهاتووین بچین بۆ ئەوێ.

یوناس

بەڵێ، دەزانم، ئێمەش دەچووین.



Dana_Noren.indd 34 2006-12-15 10:38:02

ئۆلۆڤ

ئێمە گەر هەندێ کاتمان هەبێت ڕاهاتووین لەسەر ئەوەی بڕۆین بۆ ئەوێ... کە هەندێک دەستمان بەتاڵ بێت. کە بمانەوێت تەنها هەر بۆ خۆمان بین. ئێمە لەسەر ئەوە ڕاهاتووین کە لەوێ شۆربای ماسی بخۆین. بەڵام ئەوە زۆر دەمێک لەمەوبەر بوو.

یوناس

بەڵێ، دەزانم. ئێمەش زۆر دەمێکە نەچووین بۆ ئەوێ. ئەوە چەندین ساڵە نەچووین... هەر زۆر لەمێژە من و ئەگنێتا نەچووین. لەوەوبەر هەمیشە دەچووین.

ئۆلۆڤ

ئێمەش هەروا.

(یوهانە هەڵدەستێتە سەر پێ. قۆپچەکانی پاڵتۆکەی دەکاتەوە. یوناس دەچێتە پشتیەوە، یارمەتی دەدات تا پاڵتۆکەی دابکەنێت، پاشان هەڵیدەواسێت.)

یوهانە

سوپاس. بچینە ژوورەوە؟ بچینە ژووری دانیشتن؟

ئۆلۆڤ

شتێکی خۆش بوو منداڵی زۆری لێ بوو. وا هەست دەکرا...

یوناس

هاوڕێکانی قوتابخانەی بوون؟

ئۆلۆڤ

شتێکی جوان بوو. لەدوای پشووی هاوین گەڕابوونەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو هەتا مانگی ئەگوستی چاوەڕێمان کرد، بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشدار بن. وا هەست دەکرا... کە بێگومان دەبێت ئەوان لەوێ بن. بەوانەوە ڕووناکتر بووەوە. زۆر خۆش گۆرانییان وت.



Dana_Noren.indd 35 2006-12-15 10:38:02

یوناس
بەڵێ، زۆر خۆشە. ئەو گۆرانیوتنە هەمیشە خۆشە.
یوهانە
چەند سەختە گوێت لە منداڵ نابێت کاتێک گۆرانی دەڵێن.
ئۆلۆڤ
نا، ئەوە نییە، شتێکی ترە.
یوهانە
خۆ ئەوان لە بەشی مۆسیقا دەخوێنن؟
ئۆلۆڤ
تۆ دێیت لەگەڵمان.
یوهانە
نەخێر... دەبێت خۆم بگۆڕم. خۆم نەگۆڕم؟
ئۆلۆڤ
بچینە ژوورەوە وردە وردە. ئەوێ زۆر ڕووناکترە.
یوناس
چەند جوانیت بەم کراسەوە.
یوهانە
بەڕاستە؟ پێت وایە؟
یوناس
بەڵێ... کراسێکی تا بڵێیت جوانە.
یوهانە
ئەم کراسە؟ بەڕاستە؟
یوناس
بەڕاستمە.
یوهانە
هەست دەکەم لەم کراسەدا ڕووتوقوتم. تەمەنم تەنها ٣٥ساڵە.



Dana_Noren.indd 36 2006-12-15 10:38:02

ئۆلۆڤ

دە وەرە.

(دەچنە ژوورەوە)

ئۆلۆڤ

فەرموو، تکایە دانیشە.

یوناس

سوپاس.

ئۆلۆڤ

کاتت هەیە تۆزێک بمێنیتەوە؟

یوناس

ئا... بێگومان. بێگومان کاتم هەیە.

ئۆلۆڤ

گەر کاری دیکەت نییە کە دەبێت بیانکەیت.

یوناس

کاری تری وەکو چی؟

ئۆلۆڤ

نیتە...

یوناس

نەخێر، نەخێر، بەڕاستی نا.

ئۆلۆڤ

دڵنیایت؟

یوناس

نا... هیچم نییە. هەر هیچ نییە بیکەم. هەر هیچ شتێک. تەنها بیرم دەکردەوە بڕۆمەوە بۆماڵەوە...

ئۆلۆڤ

ئاوا. (وچانێکی کورت) چۆن دەیگوزەرێنیت؟



Dana_Noren.indd 37 2006-12-15 10:38:02

یوناس

ئا... نازانم... نازانم چۆن باسی بکەم.

ئۆلۆڤ

پێکێک ویسکی ناخۆیتەوە؟ من خۆم پێکێک دەخۆمەوە.

یوناس

با. پێکێک ویسکی خۆشە. یان هەرچییەک بێت.

ئۆلۆڤ

خۆشم پێکێک دەخۆمەوە. لە یوهانەش دەپرسم بزانم ئەویش ناخواتەوە. (وچان) یوهانە پێکێک ویسکی دەخۆیتەوە؟

یوهانە

لێرەم. چیت دەوێت؟

ئۆلۆڤ

پرسیاری ئەوەم کرد گوتم بزانم پێکێک ویسکی دەخۆیتەوە؟

یوهانە

ئا. ڕاوەستە، (وچان) هەر ئێستا دێمەوە.

ئۆلۆڤ

چاکە. (وچان) یوهانە هەر ئێستا دێتەوە.

یوناس

بەڵێ. ئم.

ئۆلۆڤ

یوهانە خۆی دەگۆڕێت. لە ژووری نووستنەکەیە. ئەمە زۆر زەحمەتە بۆ ئەو.

یوناس

ئەمە بۆ تۆش زۆر زەحمەتە.

ئۆلۆڤ

وایە...



Dana_Noren.indd 38 2006-12-15 10:38:02

(وچان)
ها. فەرموو. (وچانێکی کورت) کەمم بۆ تێ نەکردوویت؟

یوناس

نەخێر، باشە، سوپاس.

ئۆلۆڤ

دەبا بخۆینەوە.

یوناس

نۆش. (وچان) تامی ویسکی دەدات.

ئۆلۆڤ

چیت گوت؟

یوناس

بە درێژایی هاوین هیچم نەخواردۆتەوە. تەنها تۆزێ شەراب نەبێت لە کاتی نانخواردندا. هەوڵم دا کەمی بکەمەوە. بەدڵنیاییەوە ئەگنێتا هەموو شەوێک یەک بوتڵ شەرابی خواردۆتەوە.

ئۆلۆڤ

خۆشتان بە سەر برد؟

یوناس

نەخێر.

ئۆلۆڤ

ئێمە تا ڕادەیەک کاتێکی ئارام و هێمنمان بردە سەر... خۆ کەش و هەواکەشی وا ناخۆش بوو. بە درێژایی کاتیش هەر باران بوو.

یوناس

ئا، بەڕاستی. لە ساڵی ١٩٩٣وە هاوینی وا باراناویمان نەبینیوە.

ئۆلۆڤ

١٩٩٣؟



Dana_Noren.indd 39 2006-12-15 10:38:02

(وچانێکی کورت)
هاوینی ئەو ساڵەش باران زۆر باری؟

یوناس

ئا، هەر زۆریش باری.

ئۆلۆڤ

بیرم نایەت.

یوناس

ئەوکات من و ئەگنێتا خانوویەکمان لە خوارەوە لە هالاند[١] بە کرێ گرتبوو. خانوویەکی کۆنی ساکاری هاوینە. پڕ لە مڵەی دوو کلکە. هەموو جۆرێکی لێ بوو. تا بڵێیت ناخۆش.

ئۆلۆڤ

بەڵام لای ئێمە بارانێکی وا نەباری. بە هەر حاڵ، کەمێک زیاتر لە ئاسایی باری... بەڵام خۆشیش بوو... ئەگینا... لە کۆتایی مانگی حەوتدا چیمەن و هەموو سەوزە و مەوزەیەک زەرد هەڵدەگەڕێن. بەڵام ئەم هاوینە بەتەواوی سەوز بوو، سەوز و دڵگیر.

یوناس

ئەوە یەکەم هاوین بوو پێکەوە بین... ئەوە بوو من و ئەگنێتا ئەو شوێنەمان بە کرێ گرت.

ئۆلۆڤ

تۆ و ئەگنێتا؟

یوناس

بەڵێ. هەست دەکەم ساڵانێکی زۆر لەوەبەر بووە.

ئۆلۆڤ

چاکە... ئەرێ پەردەکان دادەمەوە؟

یوناس



Dana_Noren.indd 40 2006-12-15 10:38:03

بۆ؟

ئۆلۆف

له ژوورەوە هەر زۆر ڕووناکه.

یوناس

نا، ئاوا خۆشه.

ئۆلۆف

تۆ هەر ڕێک لەبەر هەتاوەکەدا دانیشتوویت. خۆ هیچ نابینیت. دەبینم که هیچ نابینیت.

یوناس

نەخێر... وا باشه... دەتوانم دەست به چاومەوە بگرم.

ئۆلۆف

لێرە دانیشه. فەرموو وەرە و لێرە دانیشه. جێگاکان دەگۆڕینەوە. من دێم لەوێ دادەنیشم.

یوناس

ئەو کاته تۆ هیچ نابینیت.

ئۆلۆف

قەیناکه... جێگاکانمان دەگۆڕینەوە.

یوناس

هەر زۆر لەسەر شت دەڕۆیت.

ئۆلۆف

وایه.

(جێگاکانیان دەگۆڕنەوە. بەڵام ئۆلۆف دانانیشێت، هەر به پێوە دەمێنێتەوە.)

ئۆلۆف

ئاوا باشتر نییه؟ پێکێکی دیکه دەخۆیتەوە؟

یوناس



Dana_Noren.indd 41 2006-12-15 10:38:03

نەخێر، سوپاس. بەسمە. هێشتا تۆزێکم ماوە... خۆت چۆنیت؟

ئۆلۆڤ

(وچان) چی بڵێم؟

یوناس

پێویست ناکات هیچ بڵێیت.

ئۆلۆڤ

پێویست ناکات هیچ بڵێم.

(بێدەنگی)

پێویست ناکات هیچ بڵێم. (وچانێکی کورت) جوان نەبوو؟

یوناس

ئم. (وچانێکی کورت) با.

ئۆلۆڤ

ئەرێ گۆڕستانەکە... جوان نەبوو؟

یوناس

زۆر.

ئۆلۆڤ

تا بڵێیت سادە و پاکژ.

یوناس

ئاخر.

ئۆلۆڤ

ئێمە ڕێک ئەوەمان دەوێت. سادە و پاکژ. ڕووناکیش.

یوناس

وایە.

ئۆلۆڤ

بۆیە مەراسیمی بەخاکسپاردنێکی بۆرژوازییانەمان کرد. ئێمە باوەڕمان بە خودا نییە.



Dana_Noren.indd 42 2006-12-15 10:38:03

یوناس

منیش بڕوام پێی نییە.

ئۆلۆڤ

بە هیچ خودایەک. (بە یوهانە دەڵێت کە لەو کاتەدا دێتە ژوورەوە) خۆت گۆڕی؟

یوهانە

ئا، نابینیت؟ خۆ مەسەلەیەک نییە؟ (وچانێکی کورت) برسیتانە؟

یوناس

نەخێر.

ئۆلۆڤ

نەخێر، ئەوەی ڕاستی بێت برسیمان نییە... پێکێک ویسکیت دەوێت؟

یوهانە

ئا، دەمەوێت.

یوناس

دەتەوێت لێرە دانیشیت؟

ئۆلۆڤ

یوهانە هەرگیز لێرە دانانیشێت.

یوهانە

ئەمە ژووری تۆیە. ژوورەکەی منیش لە ناوەوەیە.

ئۆلۆڤ

بەڵام هەندێک جار لە ژوورەکەی تر دادەنیشین گەر سەیری تەلەفزیۆن بکەین یان گوێ لە مۆسیقا بگرین.

یوهانە

لێرە هەست ناکەم لە ماڵی خۆمدا بم.
(وچان)



Dana_Noren.indd 43 2006-12-15 10:38:03

یوناس

لەوێدا تەمەنی ئەو چەندە؟

ئۆلۆڤ

ئەمە... ئەمە وێنەیەکە کە لە گەشتێکدا بۆ دوورگەی کرێتا لە یۆنان گرتوومانە. ئەوکات تەمەنی ئەو چەند بوو؟ پێنج؟

یوهانە

شەش. ساڵی ١٩٩٥ بوو.

ئۆلۆڤ

ڕاستە... لەو کاتەدا لە دوورگەی کرێتا بووین. تا ڕادەیەک گەشتمان زۆر دەکرد. هەموو ساڵێک. حەزمان بە گەشتکردن دەکرد. پێم وایە لێرە مەلەی کرد. لە دەریای ئیجەدا.

یوهانە

ئەو جارە مەلەمان نەکرد. ئاوەکە زۆر سارد بوو. سەرەتای مانگی مایی بوو.

ئۆلۆڤ

مانگی مایی بوو. بەڕاست؟

یوهانە

ئا.

ئۆلۆڤ

دڵنیایت؟

یوهانە

بەڵێ. دڵنیام.

ئۆلۆڤ

بەڵام ئەو دەیویست مەلە بکات.

یوناس

منداڵ گوێ ناداتە ساردی و گەرمی. بیری لێ ناکەنەوە.



Dana_Noren.indd 44 2006-12-15 10:38:03

یوهانه
هەر منداڵ مەلە دەکەن.
ئۆلۆڤ
ئەم وێنەیەم لەو کاتەدا گرتووە کە ئەو لە کەنار ئاوەکە بوو.
هەر بەتەنها دەرپێی مەلەی لەبەردایە.
یوهانه
بەڵام زۆر سارد بوو.
ئۆلۆڤ
سێبەرەکەی لە لمەکەدا دیارە... خۆر خەریکە هەڵدێت.
یوهانه
یان ئاوا دەبێت.
ئۆلۆڤ
ئەوە چییە بە دەستیەوە؟
یوهانه
نایەتەوە بیرم... چۆن ئەوەم لە بیر بێت؟
ئۆلۆڤ
نازانم ئەوە چییە بە دەستیەوە.
یوهانه
لە بەلەمێک دەچێت.
ئۆلۆڤ
من نابینم چییە... دەموچاوی نابینم.
یوهانه
لە بەلەمێک دەچێت.
ئۆلۆڤ
بێگومان بەلەمە.
یوهانه



Dana_Noren.indd 45 2006-12-15 10:38:03

لەوەوبەر بیرم لێ نەکردبووەوە... نەمدیبوو.

یوناس

وێنەیەکی جوانە.

(بێدەنگی)

ئۆلۆڤ

مرۆڤ دەبێت لە دڵی خۆیدا نەیهێڵێتەوە... ئێمە دەبێت لە دڵی خۆماندا نەیهێڵینەوە و باسی بکەین.

یوناس

بێگومان.

ئۆلۆڤ

هەمیشە و هەمیشە... تا ئەو دەمەی دەتوانین.

یوهانە

بە سێبەرەکەوە جوانە.

یوناس

ئا.

ئۆلۆڤ

مرۆڤ نازانێت ئەوە چییە.

یوهانە

پێم وا نییە شتێکی بە دەستەوە بێت، هەر وا وەستاوە.

ئۆلۆڤ

ئاخر.

یوهانە

کەمێک کەمتەرخەم.

ئۆلۆڤ

ئا.

یوهانە



Dana_Noren.indd 46 2006-12-15 10:38:04

لەبەر ئەوەی دەزانێت وێنەی دەگیرێت.

ئۆلۆڤ

چیت گوت؟

یوهانە

ئەو دەزانێت وێنەی دەگیرێت. ئاگای لێیە. کە تۆ وێنەی دەگریت.

ئۆلۆڤ

ئا، بێگومان وایە. (وچانێکی کورت) پێویست بوو لەدوورەوە بوەستامایە. بەدڵنیاییەوە بیست دەقیقە... مەتر.

یوهانە

وێنەگرێکی باش نیت. تۆ تەنها یەک تاقە وێنەی ڕوون چییە نەتگرتووە.

ئۆلۆڤ

بۆچی وامکردووە؟

یوهانە

تۆ لە شتی تەکنیکی ناگەیت. هەرگیزیش نەتکردووە. من هەمیشە هەموو ئامێرە تەکنیکییەکانم بەستووە کە کڕیومانن. سیدییەکە، ئامێری ڤیدیۆ، جلشۆر. هەر خۆیشم ئۆتۆمۆبیل لێدەخورم. خۆ تۆ تەنانەت مۆڵەتی لێخوڕینیشت نییە.

ئۆلۆڤ

دەزانم.

یوهانە

بۆ خۆت فێری لێخوڕین ناکەیت؟ خودا دەیزانێت کاری من چەند ئاسانتر دەبێت. زۆر ناخۆشە ئەو هەموو ڕێگایە دانیشیت و ئۆتۆمۆبیل لێبخوڕیت تا بگەیتە ئەوێ. شەست میل.

ئۆلۆڤ

ئا... یوهانە ئۆتۆمۆبیلەکە لێدەخوڕێت.



Dana_Noren.indd 47 2006-12-15 10:38:04

یوهانە
ئەوکات سەفەری دەرەوەی وڵاتیش هاسانتر دەبێت... گەر من
ماندوو بووم، تۆ لێدەخوڕیت.
ئۆلۆڤ
ڕەنگە مۆڵەت دەربهێنم.
یوهانە
قەت مۆڵەت دەرناهێنیت.
ئۆلۆڤ
وا مەڵێ... کێ چوزانێت.
یوهانە
با، من دەزانم.
یوناس
حەز دەکەم ئۆتۆمۆبیل لێبخوڕم.
یوهانە
منیش پێم خۆشە ئۆتۆمۆبیل لێبخوڕم... بەڵام ئەوە کەی خۆشە
بۆ بەسەربردنی پشووی هاوین یەک دوو هەزار کیلۆمەتر تا
ئیتالیا و فەرەنسا لێبخوڕیت.
یوناس
ئەوە سەربەستییە. هەر لەبەرئەوەیە کە لای زۆربەی خەڵک
مانایەکی گرنگی هەیە.
یوهانە
هەر زۆر نایابە.
یوناس
دەبێت مشوری ئۆتۆمۆبیلێکی نوێ بخۆم.
ئۆلۆڤ
هاوینی ڕابوردوو ئۆتۆمۆبیلمان زۆر بە کار نەهێنا.



Dana_Noren.indd 48 2006-12-15 10:38:04

یوهانە

بەڵێ، دەتوانم بڵێم کە هەر هیچ بە کارمان نەهێنا.

یوناس

هەروەها ئێمەش... دیارە ئاووهەواکە نەیدەهێشت.

یوهانە

ئۆلۆف زۆری پێخۆشە بە ئۆتۆمۆبیل بگەڕێت... ئەمەش بۆتە باشترین چرکەساتەکانمان.

ئۆلۆڤ

ئا، لەسەرەتادا هەمیشە لەدەرەوە بووین و دەگەڕاین... هەر ئەوەندەی پشوومان هەبووایە خێرا بە ئۆتۆمۆبیل بە هەموو سوێد و ئیتالیا و فەرەنسادا دەگەڕاین. هێندە بەختیار بووین کە یەکەم ئۆتۆمۆبیلمان کڕی. ئۆتۆمۆبیلێکی کۆنی فەرەنسی بوو.

یوهانە

ڕینۆیەکی چوار بوو.

ئۆلۆڤ

ئا، دێتەوە یادت؟ چەند ساڵێک هەر ئەوەمان هەبوو. زۆر ناخۆش بوو کە هاتینە سەر زایەکردنی. ئەوە یەکێک بوو لە ناخۆشترین ئەو شتانەی کە بەسەرمدا هاتووە.

(وچان)

یوهانە

ئێستە چی بکەین؟

یوناس

مەبەست چییە؟

یوهانە

ئێتر کارمان زەحمەت دەبێت.

ئۆلۆڤ



Dana_Noren.indd 49 2006-12-15 10:38:04

وایه.

یوهانه

که چواردەورمان چۆڵ دەبێت.

ئۆلۆڤ

ئێستا لەم کاتەدایە، زەحمەتە.

یوناس

من پێم وانییە بڕۆم.

یوهانە

تۆ ناڵێم.

یوناس

دەزانم.

یوهانە

من مەبەستم تۆ نەبوو.

ئۆلۆڤ

نەخێر، نەء، نەء... مەبەستمان لە تۆ نەبوو.

یوهانە

مەبەستم تۆ نەبوو... ئەرێ ئەگنێتا وەزعی چۆنە؟

ئۆلۆڤ

زۆربەی خەڵک تۆزێک بەلایانەوە گرانە پەیوەندی دروست بکەن... نازانن بەتەواوەتی چی بڵێن... و چی بکەن.

یوهانە

گوزەرانی چۆنە؟

یوناس

گوزەرانی ئەگنێتا؟ خراپ نییە... لەو بڕوایەدام.

یوهانە

خراپ نییە؟



Dana_Noren.indd 50 2006-12-15 10:38:04

یوناس

نازانم، نازانم چۆنە. فریای ئەوە ناکەوین یەکتر ببینین. ئەو تا ڕادەیەک کار زۆر دەکات. هەروەها منیش... ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە وەزعمان باش نییە... یان لەبەر ئەوە بێت کە کار زۆر دەکەین بۆیە وەزعمان خراپە، نازانم. بەڵام لەوە دەچێت کە خەریکە لە ژیانمدا نەمێنێت.

ئۆلۆڤ

بۆ ئێمە خۆش بوو کە ئێوە لەوێ بوون.

یوناس

خۆ ئێمە یەکتری هەر نابینین... ئا، ئەمڕۆ یەکترمان بینی.

یوهانە

ئەو بە نیاز بوو بچێت بۆ شوێنێک؟

یوناس

ئا. وا بزانم بۆ لوند.[٢] ڕۆژی شەممە دەگەڕێتەوە... نازانم، وا بزانم کۆنفرانسێکی هەیە.

ئۆلۆڤ

خۆش بوو بتانتوانییایە لەگەڵمان بوونایە... ئێمە لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییەوە یەکتر دەناسین. بەهەرحاڵ ئێوە دێرینترین هاوڕێمانن. ئێمە زۆر شتمان پێکەوە کردووە. دێتەوە یادت کە بۆ یەکەم جار یەکتریمان ناسی؟

یوناس

لە ئامادەیی... ئا، دێتەوە یادم.

ئۆلۆڤ

بە سەیرم دەزانیت، هەمیشە لە قاوغەکەی خۆتدا و بێدەنگ، هەر زۆر خراپ خەمداگرتوو دیار بوویت.

یوناس



Dana_Noren.indd 51 2006-12-15 10:38:04

هەڵبەت وابوو. زۆر ڕقم لەو قوتابخانەیە بوو. ئەو ئافرەتە ڕەشە کێ بوو گۆرانی دەچڕی... بەرلەوەی بچینە پێشێ و ماڵئاوایی بکەین؟ کێ بوو؟ گۆرانییەکەی چی بوو؟ پێم وابوو لەوەبەر بیستبووم.

یوهانە

بێگەمان بیستبووت و دەتناسیەوە. ئەوە باخ بوو... موزیکەکە لە ئازارەکانی ماتیۆسەوە[٣] وەرگیراوە.

یوناس

ئا، وایە... لەوەوبەر بیستبووم.

ئۆلۆڤ

ئەو حەزی لێدەکرد. ئێریک حەزی لێدەکرد.

یوهانە

نا، نا ئەو دەیزانی کە تۆ پێت خۆشە بیبیستیت.

ئۆلۆڤ

من لەو بڕوایەدام ئەویش حەزی لێدەکرد. دڵنیام.

یوناس

ئەو ئافرەتە کێ بوو؟ ئەو ئافرەتە درێژە ڕەشتاڵە؟

یوهانە

مامۆستاکەی بوو.

یوناس

ئەها.

یوهانە

مامۆستای ئینگلیزی بوو. کارەکەی کاتییە. جوانە.

یوناس

دەنگی خۆشە.

ئۆلۆڤ



Dana_Noren.indd 52 2006-12-15 10:38:05

پرسیارم لێکرد گەر بتوانێت گۆرانییەک بچڕێت. هێندەم پێ خۆش بوو کە وتی ئا. ئەو تەنها مامۆستایەکی نۆرەکارە. ئەو کارە زیادە بۆ ئەوە دەکات تا خەرجی گۆرانیخوێندنی پێ دابین بکات.

یوناس

دەنگی زۆر خۆشە. مرۆڤ سەری سوورِ دەمێنێت.

ئۆلۆڤ

وایە دەنگی خۆشە، پێت وا بوو گۆرانییەکە زۆر درێژە؟

یوناس

نەخێر، بە هیچ جۆرێک.

ئۆلۆڤ

ئێمە بیرمان لە شتراوس[٤] دەکردەوە، بەڵام ئەوە موزیکێکی ترە. کونێک لە تەنورەکەتدایە.

یوهانە

دەزانم... لەگەڵ ئافرەتەکە قسەت کرد؟

یوناس

کەی؟

یوهانە

دوای مەراسیمەکە؟

یوناس

کەی؟ لە پرسگای نەخۆشخانەکە؟

یوهانە

ئا. من پێم وابوو تۆم دی وەستابوویت و قسەت لەگەڵ ئەو ئافرەتە دەکرد. لەوانەشە یەکێکی تر بوو بێت.

یوناس

نا، من بووم... شتێکم پێ ووت... پێم ووت کە دەنگی خۆشە.



Dana_Noren.indd 53 2006-12-15 10:38:05

ئۆلۆڤ

جا بەڕاستی دەنگی خۆشە.

یوهانە

ڕووخۆش دیارە.

ئۆلۆڤ

من دەبێت بەیانی بچم بۆ ئەوێ. دەبێت بچم بۆ قوتابخانە و شتەکانی بێنمەوە. لە بیرم چووبوو.

یوهانە

دەتوانیت دوایی بچیت. چ پەلەیەکتە.

ئۆلۆڤ

دەبووایە لە مانگی شەشدا بچوومایە و شتەکانیم بهێنایە، بەرلەوەی قوتابخانە دابخرێت، بەڵام لە بیرم چوو. (وچانێکی کورت) نازانم چەندم بیر چۆتەوە. ئەمەش بەختی مرۆڤە کە شتی لە بیر دەچێتەوە... دەتوانم دوای کارەکەم بچم.

یوهانە

دوایی بچۆ، پەلەت چییە.

ئۆلۆڤ

نا، بەڵام باشتر وایە هەر بچم. هیوادارم ئەوان لێم حاڵی بن. هیوادارم ئەوان بەوە نارەحەت نەبن.

یوهانە

بیری لێ مەکەرەوە. خۆ پەلەیەک نییە.

ئۆلۆڤ

ئەوان لەکوێن؟

یوهانە

بێگومان دەبێت کەسێک هەر مووشوری خواردبێت.

ئۆلۆڤ



Dana_Noren.indd 54 2006-12-15 10:38:05

تۆ لەو بڕوایەدای؟ (وچانێکی کورت) بیربکەرەوە گەر شتەکان ون بووبن... بیربکەرەوە گەر نەیاندۆزینەوە؟ ئەوکاتە چی بکەین؟
(بێدەنگی)

یوناس

لەو بڕوایەدام کە...

یوهانە

نا، تۆ نابێت بڕۆیت! تکایە... تۆ نابێت بڕۆیت.

یوناس

نا، ناڕۆم... هەر ویستم بچم بۆ سەر ئاو.

یوهانە

جارێ نابێت بڕۆیت... تکایە.

یوناس

ناڕۆم، تەنها دەچم بۆ سەر ئاو. دەگەڕێمەوە.
(یوناس دەچێتە دەرەوە. ئەوان بە بێدەنگی دادەنیشن.)
(وچان)

ئۆلۆڤ

(دوای ئەوەی یوناس دەگەڕێتەوە) تۆزێک ویسکی تر ناخۆیتەوە؟

یوناس

نەخێر، سوپاس... هێندە بەسە.

یوهانە

چەند پیس دیارە، فریا نەکەوتووم گسکێکی لێ بدەم.

یوناس

دەستت بە کار کردووە؟

ئۆلۆڤ

کێ؟ (وچانێکی کورت) من؟



Dana_Noren.indd 55 2006-12-15 10:38:05

یوهانه
هەفتەی داهاتوو دەست پێ دەکەم. ڕۆژی دووشەممە. هەفتەیەکی تریش پشووم هەیە. یەک هەفتەی تەواو. من...
ئۆلۆڤ
من چوارشەممە دەستم پێکرد. بیرم کردەوە وا باشترە دەست پێ بکەم. بەڵام هەر ناشزانم چیم کردووە. هەر نازانم. دیارە هەر ئەوەم کردووە کە ئاسایی دەیکەم.
یوناس
ئا، بەڵام تۆ پێدەچێت...
ئۆلۆڤ
مرۆڤ هیچی لە دەست نایەت. بەوەی باشە ئەو ئیشەشمان هەیە کە شتێکمان لە بیر دەباتەوە.
یوناس
بەڵێ، ئەوە شانسە.
ئۆلۆڤ
مرۆڤ زۆر میهرەبانە. (بەزەردەخەوە) بەڕاستی وان. ئەوان هەر زۆر میهرەبان بوون.
یوهانە
لەو بڕوایەدام دواتر خراپتر دەبێت... کاتێک دۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە. گەر شتی وا بلوێت.
یوناس
خۆ ئێوە بەتەمای هیچ شوێنێکی دوور نین؟
یوهانە
وتت چی؟
یوناس
ناکرێت بۆ ماوەیەک بچن بۆ شوێنێک بۆ خۆتان؟



Dana_Noren.indd 56 2006-12-15 10:38:05

یوهانە

بۆ کوێ؟

ئۆلۆف

جێی خۆیەتی بچن بۆ شوێنێک.

یوهانە

بۆ؟ بۆچی پێت باشە سەفەرێک بکەین؟

یوناس

نا، هەر ویستم بڵێم... لەوانەیە... لەوانەیە خۆش بێت بۆ ماوەیەک دوور بکەونەوە.

یوهانە

لە چی دوور بکەوینەوە؟

یوناس

نەخێر.

یوهانە

ناکرێت.

یوناس

نەخێر، ئەوە... ئەوە...

یوهانە

هەرگیز ئەم کارەساتەم لە بیر ناچێتەوە.

یوناس

نا.

یوهانە

دەزانم لە بیرم ناچێتەوە.

یوناس

نەخێر، دەزانم... من مەبەستم... نازانم... هیچ نازانم.

یوهانە



Dana_Noren.indd 57 2006-12-15 10:38:06

ئیتر من هەمان ئەو مرۆڤەی جاران نیم. لێم تێدەگەیت.
(وچان)

ئۆلۆڤ

ئەی تۆ خۆت چۆنی، ئەرێ بەڕاست؟ ئێمە...

یوناس

ئا.

ئۆلۆڤ

ئێمە تەنها هەر باسی خۆمان دەکەین.

یوناس

مەبەستت کارەکەیە؟ ئا... ئەوە چۆنە؟ دەتوانم بڵێم باشە.

ئۆلۆڤ

چاکە.

یوناس

ئا... من دڵم پێ خۆشە... چەند سەیریش بێتە بەر گوێ... من ناچارم. ئەرێ ئەوان چی دەڵێن؟
(وچانێکی کورت)
پیاو دەبێت وەزعەکەی بە دڵ بێت. بەڵام من زیاتر لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا دڵم دەکرێتەوە کە... بەختیار نین... جۆرێک دڵنیایی لە پەژارە و بەدبەختیدایە. پیاو دەزانێت چی چاوەڕوانی دەکات. هیچ کتوپڕییەکی گەورە لە ئارادا نییە. ئەمە کەمێک لەوە دەچێت کە لەماڵی پیر و پەککەوتەکان کار بکەیت، بچیت بەدەم پیر و بەجێهێڵراوەکانەوە، هەرچەندە زۆربەشیان تاڕادەیەک گەنجن... هەر لەوە دەچێت کە لە دەستگای کاروباری کۆمەڵایەتی کار بکەیت. ئەمەش هەروایە... هەندێک جاریش پەرجوو ڕوو دەدات. شتێکی ترسناکە. هەندێک جار وەک نەخۆشییەکی گران وایە کە هەر لە خۆیەوە چاک دەبێتەوە، بەڵام کە مرۆڤ هیوابڕاو بووە و پێی وا بووە نەخۆشەکە هەر دەمرێت.



Dana_Noren.indd 58 2006-12-15 10:38:06

ئۆلۆڤ

تێناگەم. تێناگەم ئەمە چییە.

یوهانە

چی تێناگەیت؟

ئۆلۆڤ

بەدڵنیاییەوە ناتەواوییەک هەیە.

یوناس

چ ناتەواوییەک؟

ئۆلۆڤ

ناتەواوییەک لای منە... هەر زۆر کەم لە ترس و خەمۆکی حاڵی دەبم... بەدڵنیاییەوە ناتەواوییەک هەیە.

یوناس

چۆن؟

(وچانێکی کورت)

مەبەستت چییە؟

ئۆلۆڤ

ناتەواوییەکە شتێکە لە مندایە، کە توانای تێگەیشتنم لە ترس و خۆمکی نییە. دەزانم ترس و پەژارە هەن. بەڵام من خۆم منداڵییەکی وا خۆش و بێدەردەسەرییم هەبوو، بەهەرحاڵ... هەڵبەت من لە دنیادا تەنها مرۆڤێکم کە ئاوا بەختیار بووبێت. ژیانێکی منداڵیی خۆش و بێ گرفت... دایک و باوکێکی بەپەرۆش و میهرەبان. خەڵکانێکی باش و میهرەبان. خەڵکانێک کە هەرگیز لەگەڵ یەک بە شەڕ نەدەهاتن.

(وچان)

ئەوان هەبوون، لەوێ بوون. هەرگیز خۆیان لە شت هەڵنەدەقورتان. هەرگیز وشەیەکی نابەجێیان بە کار نەدەهێنا. ئەوە ژیانێکی شاد



Dana_Noren.indd 59 2006-12-15 10:38:06

و خۆش. دواییش ئەو هەلە مەزنەشم بۆ هەڵکەوت بەوەی چەند هاوڕێیەکی چاکیشم هەبێت، هەروەک... ئا، ئێوە دەزانن. دواییش یوهانەم ناسی... لە ڕۆژی لاوێتیمانەوە پێکەوە ژیاوین... وا ئێستاش بەردەوام هەر پێکەوە دەژین...

یوناس

ئەرێ.

ئۆلۆڤ

وا نییە؟

یوناس

ڕاستە، پێکەوەن.

ئۆلۆڤ

ئا، بەڵێ پێکەوەین. پێکیشەوە بووین... پێکەوە ژیاوین... بەڵام پیاو نازانێت... پیاو ناتوانێت داوا بکات کە ژیان بە سەر بەرێت بەبێ... ئەوە چی پێدەوترێت؟ (وچان) زوو یان درەنگ مرۆڤ دەبێت... بۆکسێکی بەر بکەوێت کە بەتەواوی بیکوتێ بە زەویدا، مرۆڤ دەبێت حسابی ئەوە بکات. ئەی وا نییە؟

یوناس

بەڵێ مرۆڤ دەبێت ئامادەی ئەوەش بێت.

ئۆلۆڤ

ئامادە، ئا... بەڵام چۆن پیاو ئامادە بێت؟

یوناس

نەخێر، ناکرێت پیاو ئامادە بێت.

ئۆلۆڤ

تۆ دەتوانیت بۆمی باس بکەیت؟

یوناس

نەخێر، هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت ئەو ئامادەیە بێت.



Dana_Noren.indd 60 2006-12-15 10:38:06

ئۆلۆڤ
ئەریَ، دەبووایە تۆ ئەوەت بزانیایە... تۆ، هەر کەسێک نا، تۆ ئەوەت بزانیایە.
یوناس
چۆن دەکرێت مرۆڤ ئامادە بێت؟
ئۆلۆڤ
کوڕە نەخێر، شەیتان بە نەعلەت بیت.
یوهانە
جنێو مەدە.
یوناس
مەبەستت چییە لەوە کە من...
ئۆلۆڤ
من جنێو دەدەم؟
یوهانە
ئا.
ئۆلۆڤ
جنێوم دا؟ ئەوە عادەتی من نییە.
یوهانە
نەخێر.
ئۆلۆڤ
کارێکی هەڵەیە... هەرگیز شتی وا ناکەم.
یوهانە
جا چییە؟
یوناس
مەبەستت چییە کە بە من... کە دەبا من بمزانیایە.
ئۆلۆڤ



Dana_Noren.indd 61 2006-12-15 10:38:06

وتت چی؟

یوناس

ئەوە چییە کە من؟ نەخێر.

ئۆلۆڤ

من وتم چی؟

یوناس

نەخێر. (وچانێکی کورت) نەخێر، هیچ نەبوو.

ئۆلۆڤ

وتم چی. یوناس؟

یوناس

هیچ نەبوو. دەی بێ مانایە.
(وچان)

ئۆلۆڤ

نەخێر.

یوهانە

ئەمە هەرگیز شتێک نییە. شتی ناوەختە.

ئۆلۆڤ

نەخێر، من دەبێت بلێم... من دەبێت بلێم کە هیچ تێناگەم.

یوهانە

تۆ لە چی ناگەیت؟

ئۆلۆڤ

من تێناگەم چی ڕوویداوە. ناتوانم لەوە بگەم. ناتوانم لێی حاڵی بم. گەر ئێمە تەنها پێنج خولەک زووتر بگەیشتینایە هەرگیز ئەمە ڕووی نەدەدا... تەنها پێنج خولەک... بەو شێوەیە ئەوان دەیانتوانی ڕزگاری بکەن. ئێمە لە کاتی خۆیدا دەگەیشتین. بەڵام ئەو دەمەی ئێمە گەیشتین ئەو لە هەناسەدان کەوتبوو.



Dana_Noren.indd 62 2006-12-15 10:38:06

(ژوورەکە لەسەرخۆ ڕووناک دەبێتەوە. کارین لە ژوورەکەیە. لەوانەیە هەمیشە هەر لەوێ بووبێت ـ هەڵدەستێتە سەر پێ، دەچێتە لای کتێبخانەکەوە، هەندێ لەو کتێبانە ڕێک دەخاتەوە کە بە شێوەیەکی هەڵە دانراون.)

کارین

ئێوە زۆر خۆشگوزەرانن لەو خوارە.

یوناس

بڵێم چی، نازانم... ڕاست دەکەیت.

کارین

شتێکی خۆشە پیاو ماڵێکی هەبێت و ڕووی تێبکات... هەرچەندە مرۆڤ فریای ئەوە ناکەویت هێندەی خۆت ئارەزوو دەکەیت لەوێ بیت. لە پاییزی ڕابوردوودا فریای ئەوە نەکەوتین برۆین. بیرمان لەوە کردەوە کە هەموو سێوەکان بنێرین بۆ کارگەی بە شەربەت کردن، بەڵام بۆمان ڕێک نەکەوت... چی بکەین؟

یوناس

نازانم... ئێمە بڕیاری هیچ شتێکمان نەداوە... باسی ئەوەمان نەکردووە... هەر باسی هیچ شتێکمان نەکردووە... لەدوای ئەو مەسەلەیەوە کە ڕوویدا.

کارین

بێگومان ئێمە لە چلەی هاویندا دەڕۆین، وەک عادەت وایە... گەر فریا بکەوین... عادەتەن هەوڵ دەدەین لە دەوروبەری بیستی مانگدا بەرەوخوار بینەوە... گەر ئێوە نا...

یوناس

ئەگەر ئێمە چی؟

کارین

ئا، گەر ئێوە... لەوانەیە پێویستتان پێمان بێت.



Dana_Noren.indd 63 2006-12-15 10:38:07

یوناس

ئەرێ ئەوە چی بوو؟ ئەوە چی بوو تەقەی هات؟

کارین

نازانم... چی بوو؟

یوناس

شتێک تەقەی هات.

کارین

دەنگی ئاوگەرمکەرەکە بوو.  هەندێک جار بەو شێوەیە دەنگی لێوە دێت.

یوناس

ئەها.

کارین

نازانم بۆچی...

یوناس

نەخێر. یەخچاڵەکەی خۆمان کە لە گوند دامانناوە بە شێوەیەکی ترسناک دەنگی لێوە دێت. دەلەرێتەوە و دەجیکێنێت و بەو شێوەیە. ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێت هەوڵ دەدەین بیگۆڕین، بەڵام ئەوان گوناهەکە دەخەنە ئەستۆی کارگەکەی. تائێستا چوار جار وەستامان هێناوەتە سەری و هەوڵیداوە چاکی بکاتەوە، بەڵام هەر دوای چەند ڕۆژێک وەک خۆی لێ هاتۆتەوە. زۆر بە تازەییش کڕیومانە. یوهانە دانەیەکی دەویت دەرگاکانی ئەلەمنیۆم بێت. ئێستە ئەوان دەڵێن ئێمە دەتوانین دانەیەکی تر بکڕین کە دەرگاکانی ئەلەمنیۆم بن، بەڵام ئەوە نرخەکەی دوو هەزار گرانترە. پیاو چی بکات؟ هەر لەو بارودۆخەدا بمێنیتەوە؟ هەموو هەفتەیەک کە لەو خوارەم تەلەفۆن دەکەم بۆ دوکانەکە، بەڵام هەر کە لەوێ دەگەڕێنەوە مەسەلەکەم لە بیر دەچێتەوە تا



Dana_Noren.indd 64 2006-12-15 10:38:07

سالّی ئاییندە. نازانم بۆ هاوین ئێمە چی بکەین. ئەو مەسەلەیەمان باس نەکردۆتەوە. هەر باسیشمان نەکردووە. زۆر شتی تر هەیە کە هێشتا باسمان نەکردووە. فریا ناکەوین.

کارین

ڕاستە، بێگومان وایە.

یوناس

نەء، شت زۆرن... کە هێشتا باسمان نەکردوون.

کارین

کاتی خۆی دێت.

یوناس

نازانم... باشە مرۆڤ هەوڵ بدات خۆی بخاتەوە سەر خولگەی ژیان... جا هەرچۆنێک بێت... یان ئەوەتا بەتەواوەتی کۆتایی پێ بهێنێت... بەرلەوەی کات بەسەر بچێت... بەرلەوەی ترس داتبگرێت و ئیتر نەوێریت. بەرلەوەی یەکێکی تر ئەو هەنگاوە بنێت.

کارین

بەزەییم بەودا دێتەوە.

یوناس

منیش.

کارین

بێگومان ئەمە ترسناکترین شتە کە ڕوو بدات.

یوناس

وایە.

کارین

کەچی دوو جاریش ڕوو دەدات.

یوناس

ئەری... ئەمە ترسناکترین شتە کە ڕوو بدات.



Dana_Noren.indd 65 2006-12-15 10:38:07

کارین
ئەوپەڕی خراپترینە.
یوناس
ئەوپەڕی خراپترین.
کارین
کەچی... سەرلەنوێش ڕوو دەداتەوە.
یوناس
ئەرێ.
کارین
پێم وانییە شتێکی لەوە خراپتر هەبێت.
یوناس
نەخێر.
کارین
تەنها ساڵێک لەمەوبەر بوو.
یوناس
بەڵێ...
کارین
هەر ساڵێک لەمەوبەر بوو.
یوناس
ئا... وایە.
(وچان)
کارین
ناکرێت بۆ ماوەیەکی کورت سەفەرێک بکەن؟
یوناس
ئەو شەیتانە دوای شەش مانگی تر ئازاد دەکرێت.
کارین



Dana_Noren.indd 66 2006-12-15 10:38:07

کێ؟ وەستاکە؟

یوناس

نەخێر. ئەو کەسەی ئەو کارە بەدەی کرد.

کارین

تۆ و یۆهانە... ئێوە خۆتان نایزانن؟

یوناس

نەخێر، نازانین... ئێمە هیچ نازانین.

کارین

ئەرێ، من دەزانم.

(وچان)

ئەو زۆر جوان بوو.

یوناس

ئا، وایە. زۆر جوان بوو... هەر ناتوانم باسی بکەم.

کارین

نەء، نەء، ببوورە... مەبەستم ئەوە نەبوو کە باسی بکرێت.

یوناس

دەزانم، گوێ مەدەرێ.

کارین

ناکرێت سەردانێکی لای ئێمە بکەن، گەر دەتانەوێت؟ بەمە ئۆلۆڤ و منیش خۆشحاڵ دەبین. ئۆلۆڤ حەز دەکات هەمیشە مرۆڤ بە دەوریەوە بێت. زۆر بەوە دڵخۆش دەبێت. ئۆلۆڤ حەز دەکات تا نیوەشەو لە باخچە و موبەقەکە دانیشێت و قسە بکات و گوێ لە مۆسیقا بگرێت. بەمە زۆر بەختەوەر دەبێت... یادی ساتە مۆسیقاییەکانی ئێوە دەکات. زۆرجار باسی دەکات... چەند بیری هەموو ئەو شتانە دەکات کە ئێوە دەتانکرد.

یوناس



Dana_Noren.indd 67 2006-12-15 10:38:07

ئا.
(وچانێکی کورت)
لەمێژە.

کارین

پێویست ناکات مرۆڤ زۆر شت بڵێت. دەکریت تەنها بێدەنگ بین. ئەوی زۆر هێمنە... دەتوانن لە خانووەچکەی میوانان بژین... ئەوی بەتەواوەتی هەر بۆ خۆتان.

یوناس

ئا، دەزانم. ئەوان چی دەکەن؟

کارین

هەر قسە دەکەن.

یوناس

ئەی چی، دەنا چییان هەیە بیکەن؟

کارین

نەخێر، من مەبەستم...

یوناس

نا، دەزانم. باسی چی دەکەن؟
(وچانێکی کورت)
ناشتنەکەی ئێریکت دێتەوە یاد؟ ئەوکاتیش هەر لێرە بووین، لەم ژوورەدا.

کارین

نەخێر... من لێرە نەبووم. منتان لەگەڵ نەبوو.

یوناس

نەخێر، مەبەستم خۆمە... من لێرە بووم... هەر هەمان ژوور بوو. ئێمە هەموومان لە هەمان ژووردا بووین. من لەدوای ناشتنەکە لەگەڵیان چوومەوە ماڵەوە. نەمدەزانی چی بڵێم.



Dana_Noren.indd 68 2006-12-15 10:38:07

کارین

نەخێر... ئەو ناتوانێت فیلتەرەکە بدۆزێتەوە. هەربۆیە کاتێکی وا زۆری دەوێت.

یوناس

هەرگیز من ئەو ڕۆژەم بیر ناچێتەوە... لەو بڕوایەدا بووم ئۆلۆڤ زۆر ئارام و خۆڕاگر بوو... نازانم بیرم لە چی دەکردەوە... بیرم لەوە دەکردەوە لەوانەیە لەبەرئەوە بووبێت کە ئێریک ژیانێکی بەختیاری بردبێتە سەر، بەڵام سووفی ئەو ژیانە بەختەوەرەی نەبوو. ئا ئەوەیە کە وا ناخۆشە.

یوهانە

(دێتە ژوورەوە)

ئا، ئێرە هەروەک خۆیەتی.

کارین

چی؟

یوهانە

وتم، ئێرە هەروەکو خۆیەتی.

کارین

تۆ لەو بڕوایەدای؟

یوهانە

ئا، لەو بڕوایەدام. شتێکی ترسناکە. هەر دەڵێیت کات لە جێگای خۆی وەستاوە.

کارین

ئا، من لەوانەیە کە... من کات و وزەیەکی زۆرم بۆ کاروباری ناوماڵ تەرخان نەکردووە وەک پێویست... ئۆلۆڤیش، ئەو هەرگیز لەماڵەوە نییە.

یوهانە



Dana_Noren.indd 69 2006-12-15 10:38:08

هەروەها ئەویش هەروەک خۆیەتی.
کارین
ئەو تا ڕادەیەک سەفەر زۆر دەکات... بەڵام کە لەماڵەوەین ئاسوودەین.
یوهانە
ئەویش هەروەک خۆی وایە و نەگۆڕاوە. هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە.
کارین
ئەها... چۆن چۆنی؟
یوهانە
پرسیار مەکە.
یوناس
کێ هەروەک خۆی نەماوە؟
یوهانە
جا مەبەستت چییە؟
یوناس
هیچ شتێک.
یوهانە
بەهەرحاڵ خۆ ناشێ مەبەستت لە من بێت.
یوناس
نا، نا.
یوهانە
بیرت لە خۆت دەکردەوە، بە بۆچوونی من.
یوناس
بێگومان وایە.
یوهانە



Dana_Noren.indd 70 2006-12-15 10:38:08

هەرگیز دڵم بەم ژوورە نەکراوەتەوە. زۆر تاریکە. هەرچییەکمان بکردایە هەر وا دەبوو. هەر نەدەبوو بە شوێنێکی دڵگیر.

کارین

وایە، دەشێت کەمێک تاریک بێت.

یوهانە

ئا ئەو پەردە کۆنانە... ڕۆژێک لە ڕۆژان من هەڵمواسیون.

کارین

نا.

یوهانە

با.

کارین

نا.

یوهانە

با، من هەڵمواسین. باش بیر دێت.

کارین

نەخێر، یوهانە تۆ هەڵتنەواسیون.

یوهانە

نەخێر؟

کارین

نەخێر، تۆ هەڵتنەواسیون.

یوهانە

بۆ پێت وایە؟

کارین

ئەوە شتێکی نەگونجاوە. پەردەهەڵواسین لە تۆ ناوەشێتەوە.

یوهانە

بۆ من ناتوانم؟



Dana_Noren.indd 71 2006-12-15 10:38:08

کارین

ئەوانە نا. چونکە من خۆم کڕیومن. ئەوانە خۆم بەر لە پێنج ساڵ لە (تێن سویێدی) لە شەقامی ستران ڤێگن هەڵمبژاردوون. ئۆلۆڤیشم لەگەڵدا بوو کە کڕیمان. پێنج ساڵ لەمەوبەر. ئەوانە تاڕادەیەک تازەن. تەنها پێنج ساڵە ئەوانەمان هەیە. دوای ئەوەی لەوێ بووین بەرەو یورگۆردن[٥] پیاسەمان کرد و لە ئولەفیندبلاد[٦] نانمان خوارد. لە کێڵگەکەدا دانیشتین و نانمان خوارد، کەشوهەواکەی زۆر خۆش بوو... تاڕادەیەک زۆر گەرمیش بوو.

یوهانە

ئاوا دڵنیایت؟

کارین

بێگومان.

یوناس

ئا، دەشێت ئەوێ گەرم بێت.

یوهانە

تۆ لەوە دڵنیایت؟

کارین

ئا، زۆر دڵنیام. من هەرگیز لە بیرم ناچێت. هەر ئەوکاتەش بوو یادی ڕۆژی پێککەیشتنمان کردەوە.

یوهانە

چیتان کرد؟

یوناس

ئەو ڕۆژەی یەکتریتان تیادا بینی.

کارین

ئەو ڕۆژەی یەکتریمان تیایدا بینی... من و ئۆلۆڤ. لەبەرئەوە



Dana_Noren.indd 72 2006-12-15 10:38:08

بوو چووین بۆ ئەوێ.

یوهانە

ئا، بەهەرحاڵ ئەوانە هەر زۆر لە یەک دەچن. هەروەک هەمان پەردە بن. ئەوانە هەر هەمان ئەو پەردانەن، گەر ئەوانەش نەبن.

کارین

یەکەم جار بوو ئۆلۆڤ منی دەعوەت کرد بۆ شوێنێک... ئەوەی ڕاستی بێت ئەو جارەش ئێمە لە یورگۆردن بووین و لە ڕێستۆرانی ئولەڤیندبلاد نانمان خوارد.

یوهانە

ئەمانە زۆر لەوانە دەچن کە من بە لایەنی کەمەوە بەر لە پانزە ساڵ لەمەوبەر کڕیومن. ئەوانیش هەر لەمانە دەچن. قوماشەکانیشیان هەروەکو یەک وان.

کارین

لەو بڕوایەدایت؟

یوهانە

ئا... من لەو بڕوایەدام. دەنا وامنەدەوت.

کارین

من بیرم نایەتەوە ئەوانەی تر چۆن بوون.

یوهانە

من بیرم دێتەوە. هەروەکو ئەمانە وا بوون. هۆ زۆرە کە من ئەوەم بێتەوە یاد. هەفتەیەک لە دوای ناشتنەکە بوو. شتێک نییە پیاو بیری بچێتەوە. من ئەوانەم کڕی بۆ ئەوەی خۆم گورج بکەمەوە.

(وچان)

یوناس



Dana_Noren.indd 73 2006-12-15 10:38:08

زۆر لەمێژە کە من لە یورگۆردن بووم.

کارین

بەرهەحاڵ ئەو ستریۆیەکی سیدیی تەواو تازەی کڕیوە.

یوناس

کڕیویەتی؟ ئێمەش دانەیەکی وامان پێویستە.

یوهانە

چی؟

یوناس

ئێمەش هەقە ستریۆیەکی سیدیی نوێ بکڕین.

یوهانە

هەقە ئێمەش؟

(وچانێکی کورت)

بۆ؟

یوناس

کۆنەکە کەڵکی نەماوە.

یوهانە

کەواتە وەک هەموو جارێکی تریش من هەڵە بووم.

(دەڕوانێتە پەردەکان)

کارین

لەوانەیە هەر هەمان چەشنی قوماش بن...

یوهانە

نازانم...

یوناس

من پێم وایە ژیان هەر ئەوە نییە... کە بیسەلمێنێت مرۆڤ هەڵەیە... کە مرۆڤ هەڵە بووە و هەڵەی کردووە... تا کات زیاتر تێپەڕێت، ئینسان هەڵەکانی زیاتر دەبێت.



Dana_Noren.indd 74 2006-12-15 10:38:08

کارین
(بە ئۆلۆڤ دەڵێت کە بە سینییەکەوە دێتە ژوورەوە)
یارمەتیت بدەم؟
ئۆلۆڤ
نە، نەخێر، فەرموو دانیشە... پێویست ناکات. ئا لێرەدا دایدەنێم.
کارین
چیت لە ژێرپیاڵەکان کرد.
ئۆلۆڤ
لە بیرم چوون... هەر ئێستە دەیانهێنم.
کارین
من دەتوانم بیانهێنم.
یوهانە
دەبووایە من بمکردایە.
ئۆلۆڤ
نەخێر، تۆ دانیشە، بە قوربان. من دەڕۆم.
(وچانێکی کورت)
حەز دەکەیت شینەکان بهێنم؟
کارین
هیچ جۆرێکی ترمان نییە؟ ئا، خۆ جوانن. چ عەیبێکیشیان نییە.
ئۆلۆڤ
بەڵێ، دەزانم.
(دەچێتە دەرەوە)
(بێدەنگی)
ئۆلۆڤ
(دەگەڕێتەوە)
فەرموو



Dana_Noren.indd 75 2006-12-15 10:38:09

(وچانێکی کورت)
ببوورن کاتێکی زۆری خایاند، بەڵام نەمتوانی فلتەری قاوەکە بدۆزمەوە.

کارین

لە گەشەفی سێیەمی خوارەوەدایە لەلای تەباخەکەوە.

ئۆلۆڤ

ئا، دەزانم، بەڵام لە بیرم چووبووەوە. بیرم نەکەوتەوە لە کوێ دامان نابوون، بەڵام بەهەرحاڵ هەر دۆزیمنەوە... ئا، فەرموون.

یوناس

سوپاس.

یوهانە

من هیچم ناوێت.

ئۆلۆڤ

ناتەوێت؟

یوهانە

نا، هەر ئاوها باشە... بەڵام ئایا پەرداخێک ئاوم دەدەیتێ؟

ئۆلۆڤ

بێگومان. هەر ئێستا دێمەوە.

یوناس

من بچم؟

ئۆلۆڤ

نەخێر، تۆ ئەو ئەرکە مەکێشە. لێرە بمێنەرەوە.
(ئۆلۆڤ دەچێتە دەرەوە)

یوناس

بۆم نییە برۆم؟

یوهانە



Dana_Noren.indd 76 2006-12-15 10:38:09

من پێم وابوو ئێوە پێشتر لە قوتابخانەوە یەکترتان ناسیبێ.

یوناس

کێ؟

یوهانە

من لەو بڕوایەدا بووم ئێوە لەو کاتەوە دەستتان پێکردووە؟

کارین

نەخێر.

یوهانە

یەکترتان نەناسیوە؟

کارین

نا... یەکترمان نەناسیوە.

یوهانە

من لەو بڕوایەدا بووم. لەوە دڵنیا بووم.

کارین

نا، زۆر پاش ئەوە بوو.

یوهانە

هیچ گرنگ نییە. ئەوکات پێوەندییەکە تەواو بووبوو. دەمێک بوو کۆتایی هاتبوو. بە هیچ شێوەیەک مەسەلەیەک نییە... کەی بووە. هەر ئەوکاتە هیچ پەیوەندییەکی نەمابوو.

ئۆلۆڤ

(بە پەرداخێک ئاوەوە دەگەڕێتەوە، بۆ یوهانەی ڕادەگرێت)

فەرموو.

یوهانە

سوپاس... چ پەرداخێکی جوانە.

ئۆلۆڤ

ئاخر.



Dana_Noren.indd 77 2006-12-15 10:38:09

یوهانه

لە کوێ کڕیوتانە؟

ئۆلۆڤ

نازانم. کارین، ئەم پەرداخەمان لە کوێ کڕیوە؟

کارین

لە بیرم نایەت... ناتوانم هەموو شتێکم بێتەوە یاد.

ئۆلۆڤ

نایەتەوە بیرت... کەواتە هیچ.

یوناس

ئا.

ئۆلۆڤ

ئێستا هەموو شتێکمان تەواوە.

(بێدەنگی)

ئۆلۆڤ

ئایا هامەرشۆتان(٧) دیوە؟

یوناس

هامەرشۆ؟

ئۆلۆڤ

لە مۆزەخانەی نەتەوایەتی؟ پێشانگای هامەرشۆ لە مۆزەخانەی نەتەوایەتی؟

یوناس

وێنەکێشەکە؟

ئۆلۆڤ

ئا، دانمارکییەکە. فریا کەوتوون بیبینن؟ دەبێت بچن و بیبینن. تابلۆکانی تا بڵێیت جوانن. ئێمە دیومانە، من و کارین. مرۆڤ دەتوانێت چەندین کاژێر ڕاوەستێت و تەماشایان بکات.



Dana_Noren.indd 78 2006-12-15 10:38:09

کۆمەڵەژوورێکی قەشەنگ و جوانن. مرۆڤ دەتوانێ لەناویاندا بژی، گەر بکرایە. هەندێ تابلۆی تیدا بوو کە من لەوەوبەر نەمدیبوون، هەر نەشمدەناسین... بەڵام هەمووی یەک شێوازە کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە. ئەو ژوورەکانی خۆی ڕێک خستوونەتەوە... بۆ ئەوەی شێوەی نوێیان پێ بدات... بۆ ئەوەی جیاواز بنوێنن... حەتمەن دەبێت ئێوەش بچن و بیبینن.

یوهانە

بۆ ئێمەش هەر دەبێت بیبینین؟

ئۆلۆڤ

بەڵام ئەو ڕۆژەی ئێمە لەوێ بووین خەڵکێکی یەکجار زۆری لێبوو. باشترە کە ڕۆژێکی ئاسایی سەردانی بکرێت.

یوهانە

بۆ ئێمەش هەر دەبێت بیبینین؟

ئۆلۆڤ

ئێمە ڕۆژێکی یەکشەممە بوو لەوێ بووین.

یوهانە

بۆ ئێمەش هەر دەبێت بیبینین؟

ئۆلۆڤ

ئا... من بیرم لەوە کردەوە کە... ئێمە پێمان خۆش بوو، وا نییە؟

(تەماشای کارین دەکات)

یوهانە

تۆ دەڵێیت چی؟

ئۆلۆڤ

نازانم... من دەڵێم چی؟ بە بڕوای تۆ من دەڵێم چی؟

یوهانە



Dana_Noren.indd 79 2006-12-15 10:38:09

بۆ خاتری خوا تۆ دەڵێیت چی؟
(بێدەنگی)

یوناس

ئێستە پێشانگاکە بەردەوامە؟

ئۆلۆڤ

ئا... لەو بڕوایەدام.

یوناس

پێشانگای هامەرشۆ؟ لە مۆزەخانەی نەتەوایەتی؟ ئێستا هەیە؟
ئایا ساڵێک لەمەوبەر نەبوو؟

کارین

با، وا بوو. زستانی ڕابوردوو بوو.

ئۆلۆڤ

بە ڕاست؟

یوناس

بەم زووانە دەبێت بە یەک ساڵ لەمەوبەر.

ئۆلۆڤ

ئا، وایە... تۆ ڕاست دەکەیت... وا بوو.

یوناس

زستانی پار بوو.

ئۆلۆڤ

ئا، وا بوو.

یوناس

ئەوە زۆر دەمێکە.

ئۆلۆڤ

ئا.

کارین



Dana_Noren.indd 80 2006-12-15 10:38:09

ئێوە بینیتان؟

یوناس

نەخێر.
(وچانێکی کورت)
نەخێر... من بیرم لەوە کردەوە بچم بیبینم، بەڵام هەر بۆم ڕێک نەکەوت.

کارین

بەڕاستی ناخۆش بوو کە ڕێک نەکەوت... بەڵام پیاو دەتوانێت بیانبینێت...

ئۆلۆڤ

دەکریت لەناو کتێبەکاندا بیانبینیت.

کارین

ئا.
(وچانێکی کورت)
ئا، لە یوناسم پرسی گەر ئەو و یوهانە ئارەزووی ئەوەیان هەبێت لە هاویندا بێن و سەردانێکمان بکەن... کاتێک کە ئێمە لەوێین.

ئۆلۆڤ

زۆر چاکە. جێگای خۆشحاڵییە. چ پێشنیارێکی باشە. هەر ئەمشەو دەڕۆین.
(پێدەکەنێت)

یوناس

ئا، نازانم...

ئۆلۆڤ

پێشنیارێکی زۆر باشە... ئایا ناکریت وا بکەن؟

یوناس

ئا، نازانم... با بزانیین.



Dana_Noren.indd 81 2006-12-15 10:38:10

یوهانه

نەخێر.

یوناس

ئا، لەوانەیە ئێمە...

یوهانه

حەوسەڵەم نییە. حەوسەڵەی خەڵکبینینم نییە.

یوناس

بەڵێ، وایە... خۆ پێویست ناکات هەر بڕیار بدەین.

یوهانه

نامەوێت هیچ پلانێک دابنێم.

ئۆلۆڤ

شتێکی خۆش دەبوو گەر سەردانێکتان بکردینایە.

یوناس

ئا.

ئۆلۆڤ

کەی ویستتان وەرن... جێگامان زۆرە.

کارین

بەڵێ جێگامان هەیە... هەمانە، وا نییە؟

ئۆلۆڤ

هەر تەنها خۆمان لەوێین... من و کارین.

کارین

شتێکی زۆر خۆش دەبێت... گەر... هەر زۆر لەمێژیشە لەوێ میوانمان نەبووە.

ئۆلۆڤ

بەڵێ، ماوەیەک لەمەوبەر بوو.

کارین



Dana_Noren.indd 82 2006-12-15 10:38:10

ئەریٚ کەی بوو دواجار میوانمان هات؟

ئۆلۆڤ

ئەو کاتە بوو کە ئێوە لەویٚ بوون... دوو ساڵ لەمەوبەر بوو. ئەودەم بوو.

یوهانە

ئا، وا بوو.

کارین

لەو کاتەوە؟

یوهانە

وا دەبێت بە ساڵێک.

ئۆلۆڤ

پێویست ناکات ئەم مەسەلەیەش زۆر گەورە بکەین.

یوهانە

ساڵێکی تەواو تێپەڕیوە.

یوناس

ئا... با بزانین... با بزانین... تەندروستیمان چۆن دەبێت؟

یوهانە

دەزانم تەندروستیمان چۆنە.

(وچان)

تۆ دەتوانیت بڕۆیت.

یوناس

چاکە.

یوهانە

من دەمەوێت هەر لەماڵەوە بم. نامەوێت بچم بۆ هیچ شوێنێک.

کارین

بێگومان. ئێوە خۆتان خانووە جوان و قەشەنگەکەی گۆتلاندتان



Dana_Noren.indd 83 2006-12-15 10:38:10

هەیە.

ئۆلۆڤ

ئێوە بۆ خۆتان دەڕۆن بۆ ئەوێ... و دادەنیشن لەژێر...

یوهانە

نەخێر.

ئۆلۆڤ

گەڵای درەختەکاندا.

کارین

ئا، بێگومان.

یوهانە

دەستم گیراوە، ئێستاش ڕۆژانە لە تیمارگا چارەسەر دەکرێم... ناچارم بە ڕۆژ لە تیمارگا بم.

کارین

ئا، ئا، بێگومان.

ئۆلۆڤ

بەڵێ... ئەها، تۆ هێشتا هەر خەریکی ئەوەیت... خۆ شتێکی باشە؟

یوهانە

هێشتا؟ مەبەستت چییە کە وام پێ دەڵێیت؟

کارین

شتێکی چاکە کەسێک هەبێت قسەی لەگەڵ بکەیت... هێشتا تازە بە تازە ساڵێکە.

یوهانە

پێت وایە کات مانایەکی ئەوتۆی هەیە؟

ئۆلۆڤ

شتی وا کات دەخایەنێت... مەبەستم، ئێستاش بەردەوام بیر لە



Dana_Noren.indd 84 2006-12-15 10:38:10

ئێریک دەکەمەوە. ئا، ئەوەی ڕاستی بێت زیاتر و زیاتریش.

یوهانە

هێشتا ئەوی تۆ هەر یەک منداڵە کە بیری لێ بکەیتەوە.

ئۆلۆڤ

بەڵێ وایە. ئەمە وەک ئەوە وایە کە ئەو هێشتا هەر دە ساڵان بێت.

یوهانە

هەرواشە.

ئۆلۆڤ

شتێکی سەیرە.

یوهانە

هێشتا ئەوی تۆ هەر یەک منداڵە کە بیری لێ بکەیتەوە... من دووانم مردوون.

ئۆلۆڤ

دەزانم... من زۆر دڵگرانم بۆ...

یوهانە

پلان بۆ چی دابنێم؟ چ شتێکم نییە پلانی بۆ دابنێم. بەهەرحاڵ ناکرێت پلان بۆ هیچ شتێک دانرێت. تازە من پلانی خۆمم داناوە. وەک ئەوە وایە کە هەموو جانتاکانت کۆ کردبێتەوە بەڵام هیچ شوێنێکت نەبێت سەفەری بۆ بکەیت. لەوانەیە بچم بۆ گرینلاند و فیلمێکی دۆکیومێنتار لەسەر ئەسکیمۆکان بکەم... نا، ئەمەش لەوەوبەر کراوە.

ئۆلۆڤ

ئا... شتێک هەیە کە ئێمە بتوانین...

یوهانە

ناشمەوێت لە ماڵەوە بم. بەڕاستی هیچ خۆش نییە. زۆر ناخۆشە.



Dana_Noren.indd 85 2006-12-15 10:38:10

زۆر ناخۆشە لەوێ بیت. ئەو هیچ نالێت. ئیتر چیتر قسە لەگەڵ من ناکات. قسە لەگەڵ کەس ناکات. هەر وازی لە قسەکردن هێناوە.

یوناس

نەء، ئێمە پێویست ناکات...

یوهانە

تەنها وشەیەک چییە لە دەمی نایەتە دەرەوە. بەڵام من دەزانم ئەو بیر لە چی دەکاتەوە.

یوناس

ئاوها.

یوهانە

لەمە تێناگەیت؟

یوناس

با، بەڵام خۆ تۆش زۆر نالێییت.

یوهانە

چی بڵێم؟

یوناس

من چوزانم.

یوهانە

پێت خۆشە چی بڵێم؟

یوناس

نازانم.

یوهانە

نا، وایە... تۆش نازانییت.

یوناس

نا، بەڵام... خۆ پێویست ناکات... ئێمە...



Dana_Noren.indd 86 2006-12-15 10:38:10

یوهانه

من دەتوانم لەگەڵ دوکتۆرەکەم قسە بکەم. باشیش دەڕوات. دوکتۆرێکی زۆر ڕووخۆشە. بێگومان ئەوانیش بۆ ئەوە لەوێن. بەختم هەیە کە من ئەوم هەیە. ئەفیشێکی پێشانگای گیاسومێنتی[٨] پاریسی بە دیوارەکەی پشت سەری خۆیەوە هەڵواسیوە. لەسەر کورسییەکی خۆش دادەنیشێت. کەلوپەلێکی زۆر لە ژوورەکەیدا نییە. من دادەنیشم و تەماشای ئەفیشەکە دەکەم. وێنەی پەیکەرێکە. لەو بڕوایەدام کە ئەوە ئافرەتێک بێت. حەزم لێیەتی. ڕەنگە بەشەویش هەر لەوێ بم. شەو و ڕۆژە. ئا، هەقە. لەوانەیە ئەوە باشترین شت بێت. شەوانەیە کە وەزعم زۆر خراپە، کە یاد و بیرەوەرییەکان دەوروژێن. کات هەروەک منداڵێک بە ڕاکردن دێتەوە. ئەمەش ئەو کاتانەیە کە پیاو ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات. لەم کاتانەدا هیچ کەسێک بە دەمتەوە نایەت... ئا، جگە لە حەبی خەو نەبێت، بەڵام ئەمەش یارمەتیت نادات. بە ڕۆژ وەزعەکە ئاسانترە. ئەمەش خۆ دەماودەمە. بە ڕۆژ دەتوانم بڕۆم و ئەوانی تر ببینم. دەتوانم هەندێ شت جێبەجێ بکەم. زۆر شت هەیە کە مرۆڤ بیکات گەر ئارەزوو هەبێت. دەتوانیت بڕۆیت بۆ ناوشار. پیاو دەتوانێت بچێت و تەماشای کۆگاکان بکات. دەتوانێت سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. من شتەکانیم نەهێناوەتەوە. شتەکان هێشتا هەر لە نەخۆشخانەکەن. بەهەرحاڵ ئەو شتانە هەر دەبێت لە شوێنێک بن.

ئۆلۆڤ

دەتوانیت کاتێکی تر ئەوە بکەیت. خۆ هیچ پەلەیەک نییە.

کارین

ئەو شتانە ون نابن.

ئۆلۆڤ



Dana_Noren.indd 87 2006-12-15 10:38:11

شتەکان هەر لەوێن. کەسێک چاودێرییان دەکات و هەڵیاندەگرێت.

یوهانە

شتەکان لەوێ ماون. من لە بیرم چووبوونەوە.

کارین

دەتەوێت کە ئێمە ئەوە بکەین؟

یوهانە

نەخێر، لەبەرچی. خۆ ئێمە کەسوکاری یەک نین.

یوناس

من دەیانهێنمەوە، کاتێک کە من...

یوهانە

هەر ئەوەیە کە ئێمە شوومان بە یەک پیاو کردووە... ئا، خۆ تۆ هێشتا هەر ژنی ئەویت.

(وچان)

یوناس

من دەتوانم بەیانی بیانهێنمەوە، گەر تۆ بتەوێت.

یوهانە

هیچ شتێکم ناوێت.

(وچان)

(تەماشای یوناس دەکات) بۆ خاتری خوا، واملێهاتووە کە ئیتر ناتبینم.

یوناس

بەڕاستە؟

یوهانە

نا... چیتر نایەیتە بەر دیدەم.

یوناس

ئاوها.



Dana_Noren.indd 88 2006-12-15 10:38:11

یوهانە

بەڕاستمە... ناتبینم.

یوناس

ڕەنگە من بم کە لێرە نەبم.

یوهانە

تەنها سێبەرێک دەبینم.

یوناس

لەو بڕوایەدا بووم کە من... کە من گرفتم لەگەڵ بینین هەیە... لەو بڕوایەدا بووم ئەوە منم کە چیتر لەمەودوا ناتوانم بەباشی ببینم.

ئۆلۆڤ

چییە؟ تووشی گیروگرفتی چاو بوویت؟

کارین

لەوانەیە تۆ چاویلکەیەکی هەڵەت لە چاودا بێت.

یوناس

بەدڵنیاییەوە مەسەلەکە تەمەنە... بەم زووانە پێدەنێمە شەست ساڵیەوە.

کارین

ڕەنگە تۆ پێویستیت بە چاوێلکەیەکی بەهێزتر بێت. من بەر لە چەند ساڵێک پێویستم بەوە بوو. کە پاڵ دەکەوتم بۆ خوێندنەوە زۆر زوو ماندوو دەبووم.

یوناس

نەء، دەزانم مەسەلەکە چییە... لەم ڕۆژانەدا لە نەخۆشخانەی سانت ـ ئێریک بووم بۆ چارەسەرکردن و پشکنین. پزیشکەکە وای پێ باش بوو کە بچم بۆ کۆنترۆڵێک لە نەخۆشخانەی کارۆلینسکە.



Dana_Noren.indd 89 2006-12-15 10:38:11

ئۆلۆڤ

چ جۆرە کۆنترۆڵێک؟

یوناس

بەتەواوی نازانم، هی مێشک و دەمار.

ئۆلۆڤ

دەبێت چی بێت؟

یوناس

نازانم، وازم لە ئۆتۆمۆبیل لێخوڕین هێناوە. چیتر جورئەتی ئەوە ناکەم لێبخوڕم. ئۆتۆمۆبیلەکە هەر لە گەراجە.

ئۆلۆڤ

سەیرە.

یوناس

لەوانەیە شتێکی دەروونی بێت... کە نەمەویت چیتر ببینم.

کارین

مەسەلەکە هێندە قورس نییە کە تێنەگەیت.

یوناس

ئیتر چیتر ناوێرم تەماشای هیچ بکەم.

یوهانە

چی؟

یوناس

نا، نەخێر... گاڵتە دەکەم.

ئۆلۆڤ

نا... قسە بکە گەر شتێک هەبێت و ئێمە بتوانین یارمەتیتان بدەین.

یوهانە

شتی وەکو چی؟



Dana_Noren.indd 90 2006-12-15 10:38:11

ئۆلۆڤ

نازانم... هەر شتێکی پراکتیک کە بە ئێمە بکرێت.

یوهانە

ئا، تۆ... هەموو شتێک پراکتیکە.

کارین

هەروەها ئۆلۆڤیش تووشی شتێک بووە. ئەویش بەم دواییە زگ ئێشە دەیگرێت.

ئۆلۆڤ

ئەوە شتێک نییە باسی بکرێت. سادە و ساکار، ئێمە بەرەو پیربوون دەچین.

یوهانە

گەر مرۆڤ مندالّی بمرێت پیر نابێت، چونکە هەموو شتێک ڕادەوەستێت. هەموو شتێک. مرۆڤ ئەسڵەن حالّی نابێت کە چۆن شتێک دەتوانێت ببزوێت. چۆن شەمەندەفەرەکان دەبزوێن و خەڵکان هەروەک هیچ ڕووی نەدابێت دێن و دەچن.

ئۆلۆڤ

بەڵێ، دەزانم... منیش هەروا هەستم دەکرد، کاتێک کە ئێریک مرد.

یوناس

ئازارت هەیە؟

ئۆلۆڤ

نەخێر، نەء... خۆشە بووم و ئێستا ئازارم نایەت.

یوناس

من مەبەستم ژانە زگەکەت بوو.

ئۆلۆڤ

ئەها... نەخێر، لەو بڕوایەدا نیم... چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە



Dana_Noren.indd 91 2006-12-15 10:38:11

نەخۆشخانەی سۆپیاهامت بووم و ئەشیعەیەکم گرت. خۆی شتێکی زۆر ناخۆشە لەوێ پاڵ بکەویت. پیاو هەست دەکات کە بەتەواوەتی فەرامۆش کراوە. تەواو دەستەپارچە، هەروەک منداڵێک.

یوناس

هیچیان دۆزییەوە؟

ئۆلۆڤ

ئا، شتێکیان دۆزیوەتەوە. لەوانەیە لوویەکی سەرەتانیی بچووک لەوێدا هەبێت کە دەیانەوێت دەریبهێنن... بەڵام ئەوان دەیانەوێت هەر بەو بۆنەیەشەوە سەیرێکی جگەریشم بکەن. هەندێ لە ئەنجامی پشکنینەکان بەو شێوەیە نییە کە دەبێت وا بێت. بەڵام ئەوە شتێک نییە کە پیاو پێی دوودڵ بێت. ئەگینا تەندروستیم وەکی دی بە شێوەیەکی تەواوەتی زۆر باشە.

یوناس

ئاوا.

کارین

من لەو بڕوایەدام کە تۆ لە بەهاردا زۆر باش بوویت. ئەو ماوەیە زۆر دڵخۆش بوویت.

ئۆلۆڤ

ئا، منیش لەو بڕوایەدام کە هیچ شتێک نەبێت. هەر زگمە کە لە خەتی خۆی کەمێک لای داوە... بەڵام مرۆڤ چی بخوازێت.

یوناس

نەخێر، بەهەرحاڵ خۆ بەختیاری شتێک نییە پیاو بتوانێت داوای بکات.

کارین

ئا، بەڵام... ئێمە بەختیارین. هەر زۆر بەختیارین.



Dana_Noren.indd 92 2006-12-15 10:38:12

یوناس

ئا... دەزانم. (وچان) ئێمە... هەوڵ بدەین...

یوهانە

ئا، من دەزانم کە یوناس ئێرەیی بە ئێوە دەبات.

ئۆلۆڤ

چی دەکات؟

یوناس

نەخێر.

یوهانە

ئەو زۆر ئێرەیی بە ئەڤینتان دەبات. هەمیشە باسی ئەوە دەکات. زۆر بە جوانی دەزانێت. ئەو هیوای ئەوە دەخوازێت کە ئێمەش وەک ئێوە وا بووینایە. شەرم دایدەگرێت کە بیر لە خۆمان دەکاتەوە و پاشان لەگەڵ ئێوەدا بەراوردی دەکات.

یوناس

نەخێر، من ئێرەیی بە کەس نابەم.

یوهانە

تۆ خۆت وتت. هەر جارێک ئەمانمان بینیبێت تۆ وات گوتووە.

یوناس

نەخێر، من تەنها دەڵێم کە ئەمە... ئەمە... ئا ئەمە... من دەبمە... من لەو بڕوایەدام کە ئەمە... شتێکی جوانە کە مرۆڤ خەڵک ببینێت پێکەوە خۆشگوزەرانن... ئەمە وا نییە...

کارین

بێگومان ئێمەش گرفتی خۆمان هەیە، ئێمەش هەمانە.

ئۆلۆڤ

ئەرێ، شت هەر ڕوو دەدات... بەڵام یەکجار وا زۆر نا.

کارین



Dana_Noren.indd 93 2006-12-15 10:38:12

نەخێر، هەموو کەسێک هەیەتی.
ئۆلۆڤ
بەڵام ئێمە لەبنەڕەتدا تا ئاستێک بەختیارین.
کارین
ئا، لەڕاستیدا ئێمە بەختیارین...
یوهانە
ئەریٚ، بەختیارین.
یوناس
وتت چی؟
(بێدەنگی)
کاتژمێر چەندە؟
(وچان)
هێندەی نەماوە بۆ نۆ... ئا، باشتر وایە کە...
یوهانە
چی؟
یوناس
نەجوڵێین... دەتەوێت ئێستا بڕۆیتەوە بۆماڵەوە، یاخود...
یوهانە
بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە؟
یوناس
ئا.
یوهانە
ئەدی بۆ کویٚ بچم؟
(وچانێکی کورت)
شتێکی زۆر جوانە کە خەڵکی بەختیار هەن.
یوناس
بۆم هەیە... ئایا بۆم هەیە زەنگێک بۆ تاکسی لێبدەم؟
ئۆلۆڤ
بێگومان، ئەی چۆن.



Dana_Noren.indd 94 2006-12-15 10:38:12

یوناس

سوپاس

(وچانێکی کورت)

هیوادارم لە کاتێکی ئاوادا تاکسی دەست بکەوێت.

ئۆلۆڤ

ئا، وایە.... زستانی پار بوو.

(وچان)

کارین

ئۆلۆڤ، ماندوویت؟

ئۆلۆڤ

نا نەخێر، نەخێر... هەرگیز... هەر ئەوەیە کە...

یوناس

باشە، من دەڕۆم تەلەفۆن دەکەم.

ئۆلۆڤ

ئا، بیکە.

کارین

تەلەفۆنەکەمان لە هۆڵەکەیە.

(ئۆلۆڤ دەچێتە دەرەوە)

ئۆلۆڤ

من هەر ئێستا... پاڵتۆکانتان دەهێنم.

یوهانە

یوناس پاڵتۆی نییە. ئەو چاکەتێکی هەیە.

ئۆلۆڤ

ئا، وایە.

یوهانە

زۆر گەرمە بۆ پاڵتۆ. من تەنها ئەمەم پێیە... ئەم چاکەتە.

(وچانێکی کورت)

ئەوە پێنج ساڵە ئەم چاکەتەم هەیە.



Dana_Noren.indd 95 2006-12-15 10:38:12

(ڕووناکی گۆڕانکاری بەسەردا دێت. کزتر دەبێت. یوهانە و کارین پێنج ساڵ بەتەمەنترن.)

کارین

وا مەسەلەکە بەسەرچوو.

یوهانە

ئا، خۆشە... کە مەسەلەکە بەسەرچوو، کەم یان زۆر.

کارین

ئەمەش ئەوەیە کە پیاو چاوەڕوانی دەکرد... هەموو هاوین... ئەم ڕۆژە. کە ئەم ڕۆژە بێت و بڕوا.

یوهانە

وا ئێستا ئەمە دێت و دەست پێدەکات.

کارین

ئا، پیاو هێندە سەرقاڵی ئەوەیە کە... هەموو شتێک ئامادە بکرێت... بەڵام ئۆلۆف بڕیاری هەموو شتەکانی زۆر بەوردی دابوو... کە ئەو بە چ شێوەیەک دەیەوێت.

یوهانە

ئەوە ئێستەیە کە پیاو پێویستی بە کەسێکە...

کارین

ئا.

(وچان)

من زۆر دڵخۆشم کە توانیتان بێن...

یوهانە

ئا، من لەو بڕوایەدا بووم کە بێم... خۆ ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان ژنومێرد بووین... هەرچەندە وا هەست دەکەم کە هەرگیز ژنومێرد نەبووین، خۆ هێندە لەمێژە.

کارین



Dana_Noren.indd 96 2006-12-15 10:38:12

ئا.

یوهانه

هێندە لەمێژە کە بە شێوەیەک بە حاڵ دێتەوە یادم کە چۆن بوو. هەر دەڵێیت فیلمێکی کۆنە.

کارین

ئێمە باسی ئەوەمان کردبوو کە چۆن ئەمە ڕێک بخەین. کێ بانگ بکەین، گەر ئەوان بتوانن بێن. بەڵام نە قەشەی تێدا بێت و نە جلک و بەرگی ڕەش... تەنها مۆسیقا و ئەو کەسانەی کە ئەویان دەناسی... زۆر بەختیار بوو کە ئەو بیرەی بۆ هات کە ئەوان پارچەمۆسیقای «ماڵئاوا لە زەوی» بژەنن... بێگومان شتێکی ئاشکرایە کە ئەو مۆسیقایە دەژەنن... چونکە ئەو (ماهلەر)ی[٩] خۆش دەویست...

یوهانە

کارەسات بوو یوناس بەو شێوەیە ببینیت. من نەمزانی بوو کە ئەو هێندە قەڵەو بووە. خەریک بوو هەر نەیناسمەوە. وەک کەسێکی غەریب وا بوو. ئا، بەڵام ناسیمەوە، ئە ئەوە بوو کە ترسناک بوو. کە ماشێنەکەم لە گەراجەکە ڕاگرت کەسێکم دی لە دەرەوەی کڵیساکە وەستابوو و جگەرەی دەکێشا، مەزندەم دەکرد کە من ئەو کەسە دەناسم، بەڵام زۆر بیرم لە مەسەلەکە نەکردەوە. بە شێوەی وەستانەکەیدا پێم وابوو دەیناسم و ناشیناسم، بەڵام دوایی کە هاتمە لای پلیکانەکان بینیم کە ئەوە یوناسە و یوناسیش نییە، بەڵکو شتێکە زیاتر لە تارمایی دەچوو. منیش وتم سڵاو یوناس... بەڵام ئەو تەنها بە بەردەممدا ڕۆیشت. هەروەک ئەوەی زوومبیەک بێت و بەدەم خەونەوە بڕوات،[١٠] خۆی وا نیشان دا کە منی نەدیوە، هەرچەند بەڕوونی منی بینی... دواییش کە هاتینە ژوورەوە، ئەو لەوبەرەوە دانیشت...



Dana_Noren.indd 97 2006-12-15 10:38:12

که تەواویش بوو هەر زوو لەو ناوە ون بوو.

کارین

من لەو بڕوایەدام کەئەو لە بارێکی زۆر سەختدایە.

یوهانە

بەڵێ وایە. ئەو هەمیشە هەر وا بووە.

کارین

دیارە کە هەر زۆر تەنهایە.

یوهانە

ئایا وازی لە کارکردنیش هێناوە؟

کارین

لەو بڕوایەدام.

یوهانە

زۆریش دەخواتەوە.

کارین

ئا، شتێکی ناخۆشە... ئێمە پەیوەندییەکی زۆرمان بەیەکترەوە نەبوو... بەڵام ئۆلۆف هەوڵی دا... ئەو هەوڵی دا کە پەیوەندی بەوەوە نەپچڕێنێت، بەڵام ئەوە شتێکی ئاشکرایە... لەکۆتاییدا پیاو نازانێت چی.

یوهانە

ئەوساش ئەو هەر وایکرد، کاتێک کە پێکەوە دەژیاین، گەر پیاو بتوانێت ئەوە ناو بنێت بەیەکەوەژیان... بەڵام ئەوکات بەهەرحاڵ هەر دەیتوانی هەرچۆنێک بێت شتەکان لەژێر کۆنترۆڵدا ڕابگرێت.

کارین

ئێمە هەوڵماندا کە پەیوەندیمان بمێنێت، بەڵام ئەو خۆی کێشایەوە... دوای جیابوونەوەشتان ئەو گواستیەوە.



Dana_Noren.indd 98 2006-12-15 10:38:12

یوهانە

ئەو گواستیەوە بۆ لای دایکە پیرەکەی... بەڵام ئێستە ئەویش مردووە.

کارین

ئا، منیش بیستوومە.

یوهانە

نازانم ئێستە لە کوێ دەژی.

کارین

ڕۆژێک لەپڕ یوناس هات بۆ بەشی نەخۆشخانەی شێرپەنجە و ئۆلۆڤی بەسەرکردەوە. ئەوکاتە ڕێکوپێک، مەست نەبوو. زۆر جوان بوو. چەند کاتژمێریک لەسەر جێگاکە دانیشت و دەستی خستبووە ناو دەستی ئۆلۆڤەوە. بە هیچ شێوەیەک ئۆلۆڤ سەری نەسووڕما. زۆر هێمن و دڵنیا بوو. خەوی لێکەوت و دوایی سەرلەنوێ خەبەری بووەوە. هەروەک ئەوە وا بوو کە ئەو دووانە هەرگیز لەیەکتری دانەبڕابن. باسی بیرەوەرییە کۆنەکانیان دەکرد... کە گەنج بوون، کە پێکەوە لە قوتابخانەی ئامادەیی بوون... ئۆلۆڤ زۆر شتی بیر کەوتەوە... بەتەواوەتی ئاگای لە خۆی بوو... هەروەها زۆر گەنج بووبووەوە. زۆر باش بوو کە ئۆلۆڤ ماڵئاوایی لێکرد... ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە دوای چەند هەفتەیەکی تر دەتوانێت سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و بیری لەوەش دەکردەوە کە لە پاییزدا کەمتر ئیش بکات تا بەتەواوەتی چاک دەبێتەوە... بەڵام دوایی خۆی تێگەیشت کە مەرگی نزیکە... تێگەیشت کە ئەو ئیتر هەرگیز جارێکی تر ماڵەوە نابینێتەوە.

یوهانە

نەء، دەزانم... ویستم کە بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە و ماڵئاوایی لێ



Dana_Noren.indd 99 2006-12-15 10:38:12

بکەم... بەهەرحاڵ ئەو پێکەوەژیانە کورتەش هەر بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ.

کارین

ئا. (وچان)
کەی دەڕۆنەوە؟

یوهانە

دوو بەیانی دەڕۆینەوە. ئێستا خەریکی دروستکردنەوەی موبەقەکەن لە خوارەوە، لەبەرئەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەوێ تا چاوێکمان لێیان بێت... تۆ خۆت دەزانیت، کرێکاری فەرەنسی... پیاو دەبێت چاوێکی لەسەریان بێت... ئیتر من لێرە هیچم نەماوە. (هەڵدەستیتە سەر پێ) نەخێر، ئێستە پێویستە من بڕۆم. ئێمە لە هوتێل ستراند دەژین. ئێستە هێنریک حەتمەن لەسەر بارەکە دانیشتووە و چاوەڕوانی منە. دەچین سەردانێکی دایکەپیرەکەی دەکەین لە لیدنیگۆێ. خواحافیز کارین... بێگومان پەیوەندیمان دەبێت؟

کارین

ئا، بێگومان. (لەگەڵیدا دەچێتە دەرەوە) بەڵام خۆ تۆ هیچ نارەزاییەکت نییە کە هەموویان پێکەوە لە یەک گۆڕدا بنێژرێن، هەر سێکیان پێکەوە؟

یوهانە

نەخێر، بە هیچ شێوەیەک... تازە کەی ئەوە مەسەلەیەکە؟

تێبینی: «ئەم وەرگێڕانە ڕاستەوخۆ لە دەقی کارکردنی ڕیژیسۆری شانۆنامەکە لێنارت یولستریۆم (Lennart Hjulström)ەوە وەرگیراوە کە لە ١٨ی مانگی چواری ساڵی ٢٠٠٢دا لە شانۆ شار لە ستۆکهۆڵم نەمایشکراوە.»



Dana_Noren.indd 100 2006-12-15 10:38:13

Dana_Noren.indd 101 2006-12-15 10:38:13

پەراوێزەکان

(١) هالاند: ناوچەیەکی ڕازاوەی وڵاتی سوێدە، کەناری دەریا و دارستانێکی چڕی هەیە و دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئەم وڵاتەوە. هالاند تا ساڵەکانی ١٦٤٥ سەر بە وڵاتی دانمارک بووە و لە ساڵەکانی ١٦٥٨ەوە لکێنراوەتەوە بە وڵاتی سوێدەوە.
(٢) یەکێکە لە شارە دێرینەکانی ناوچەی سکۆنەی وڵاتی سوێد. هەر لە ساڵی ١٦٦٨ەوە خوێندنی باڵا و زانکۆی تیدا کراوەتەوە. ئەم شارە لە ساڵی ١٠٢٠دا دروست کراوە.
(٣) پرۆژە مۆسیقایەکی گەورەی کۆمپۆسیتۆری جیهانی (یوهان سێباستیان باخ)ە. (١٦٨٥-١٧٥٠) پرۆژەکەش بریتییە لە کۆراڵ، گۆرانی و مۆسیقایەکی بەرز و چیرۆکی مەرگ و ئازارەکانی مەسیح دەگێڕێتەوە. تێکستەکەش (ماتیۆس) نووسیویەتی کە خۆی یەکێک بووە لە شاگرد و قوتابییە نزیکەکانی مەسیح: یوهانس، لویکاس، مارکۆس، ماتیۆس، هەر چواریان قوتابی و شاگردی مەسیح بوون، هەریەکەشیان بە جیا و بە شیوازی تایبەتی خۆی سەرگوزشتەی مەسیحیان گێڕاوەتەوە.
(٤) ریشارد شتراوس(١٨٦٤-١٩٤٩) کۆمپۆسیتۆر و هونەرمەندێکی مۆسیقایی گەورەی ئەڵمانیاییە. ڕیشار شتراوس دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین نووسەرە مۆسیقاییە ڕۆمانتیکەکان.
(٥) ناوچەیەکی ڕازاوە و باخچەئاسای گەورەیە لە ستۆکهۆڵم و زۆربەی دەوڵەمەندەکان لەم ناوچەیەدا دەژین. هەروەها یانەیەکی وەرزشی کۆنیش بەو ناوەوە هەیە. مێژووی دامەزراندنی یانەی وەرزشی یورگۆردن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩١.
(٦) ئولە فیندبلاد چێشتخانەیەکی گەورەیە و دەکەوێتە باخچەیەکی ڕازاوە و قەشەنگی یورگۆردنەوە. ئەم چێشتخانەیە لە ساڵی ١٨٩٧دا دامەزرێنراوە، سەرەتا نانەواخانە بووە و دواتر دەبێتە قاوەخانە. لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکانی هەزارەی ڕابوردووشەوە بۆتە چێشتخانە. ئەم چێشتخانەیە ئێستە زۆر ناسراوە و زیاتر دەوڵەمەندەکان ڕووی تێدەکەن و ئاهەنگی ژنخوازی و ڕۆژی لەدایکبوون و...هتد تێدا دەگێڕن.
(٧) (Vilhelm Hammershoi) ١٨٦٤-١٩١٦ وێنەکێشێکی دانمارکییە و زیاتر تابلۆکانی وێنەی دیمەنی سروشت و خانووبەرە لە خۆ دەگرن.
(٨) ئالبیرتۆ گیاسۆمێتی (Alberto Giacometti) ١٩٠١-١٩٦٦ هونەرمدنێکی سوریالی سویسراییە و زیاتر لە پاریس ژیاوە. ئەم هونەرمەندە شێوازێکی تایبەتمەندی (پەیکەرتاشی) بە خۆی داهێناوە. پەیکەرەکانی زۆر تەنک، باریک و درێژن. ئەم شێوازە لە تابلۆکانیشیدا سەرلەنوێ ڕەنگی داوەتەوە.
(٩) گوستاف ماهلەر (Gustav Mahler) ١٨٦٠-١٩١١ ئاوازدانەرێکی نەمساوییە، یەکێکە لە



Dana_Noren.indd 102 2006-12-15 10:38:13

کۆمپۆسیتۆره ڕۆمانتیکەکان. بەرهەمە سیمفۆنییەکانی زۆر دەوڵەمەندن بە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی. یەکێک لە هەرە ناودارترین سیمفۆنییەکانیشی (گۆرانییەک لە ژیانەوە Das Lied von der Erdeیە کە لە ساڵی ١٩٠٨دا نووسیویەتی.
(١٠) نووسەر لە تێکستەکەدا ئەم ڕستەیەی بە زمانی فەرەنسی نووسیوە.

## لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر

* شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیئۆر و پراکتیکدا، لێکۆڵینەوە، ١٩٨٨، کوردستان.
* گۆتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ١٩٩٥، سوێد.
* ستریندبێری و سۆناتای تارامایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان.
* ستریندبێری و سۆناتای تارامایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١، چاپی سوێد.
* پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان.
* پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣، چاپی سوێد.
* شانۆی سوێدی، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٦، دەزگای ئاراس، کوردستان.

## بە زمانی سوێدی

* دوو کڵۆ بەفر، چیرۆکی: هیوا قادر، وەرگێڕانە لە کوردییەوە بۆ سوێدی.
* ژیانێکی تر، دیوانی شیعر، دەزگای پیشڕەو، ٢٠٠٦.



Dana_Noren.indd 103 2006-12-15 10:38:13

Tack

Ett stort tack till Anna-Karin Brazee och Monica Landergård på Stockholms stadsteaterns pressavdelning för all hjälp jag fått och för ett bra samarbete.

Dana Marouf



Dana_Noren.indd 104 2006-12-15 10:38:13

Dana_Noren.indd 105 2006-12-15 10:38:13

# TYSTMUSIK

Av LARS NORÉN
Översättning Dana Marouf

2007

Dana_Noren.indd 106 2006-12-15 10:38:13